# بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ڕوانگەی سیاسییەوە

## و چەند وتاری پێوەندیدار

**بێهزاد خوشحاڵی**

**وەرگێڕان:**

**ئەفراسیاب گرامی**

Afrasyab.g@gmail.com

www.amrojane.blogspot.com

سەرچاوە: بلاڤۆکی کوردستان، ئۆرگانی خوێندکارانی کوردستان

http://www.bkhreference.blogfa.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشکەشە بە
رۆحی نەتەوەیی کورد
پێشەوا قازی محەممەد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێرست :

- پەیڤ:
- پێشەکی وەرگێڕ
- بەرایی باس:
- راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری
- راپەڕینی سمکۆ شکاک
- راپەڕینی شێخ مەحموود بەزنجی
- راپەڕینی شێخ سەعید پیران
- راپەڕینی مەلا مستەفای بارزانی
- پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان
- گرنگیی ژیۆپۆلتیکو ژیۆئیستراتیژیکی کوردستان
- کورتەباسێك لەمەڕ رەوشی کوردەکان لە سوریە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیڤ:

خوێنەری هێژا!

ئاوڕدانەوە و خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسی و ڕەوتی مێژوویی گەلی کورد ڕوانگەیەکی ژیرانە و خوێندنەوەیەکی قووڵی دەوێ کە بتوانێ نێواخندۆزی هەموو لایەنە مێژوویی و سیاسییەکانی بزووتنەوەی کورد لە خۆ بگرێت و بیخاتە بەر راڤە و لێکدانەوەوە. گومان لەوەدا نیە، مێژووی نەتەوەکەمان بە بارودۆخێکی سەختی سیاسیدا تێپەڕیوە و لە ماوەی دوو سەد ساڵی رابردوودا گەلێک هەوراز و نشێوی بە خۆیەوە بینیوە. خەبات و رابوونی کورد، پەرچەکردارێکی سیاسی بەرامبەر ستەمی سیستماتیک و هەوڵی توانەوەی نەتەوەکەمان بوو. دوژمنانی کورد هەوڵی سڕینەوە و پاکتاوی رەگەزی ئێمە بوون، بەڵام راپەڕینەکان بوونە هەوێنی بەردەوامیی و ژیانەوە و هێوای کورد و لە هەمان کاتیشدا مێژووی تراژیکیان دڵتەزێن بوون.

ئەم کتێبە هەوڵێکی سادە و ساکارە و کۆکردنەوەی ئەو وتارانەیە کە لە ساڵانی رابردوودا بە نیسبەتی مێژوویی سیاسی و نەتەوەیی بزووتنەوەی کوردەوە وەرگێڕانم کردۆتەوە سەر زمانی کوردی و بەرهەمی قەڵەمی نووسەری خۆشەویست بێهزاد خۆشحالییە و هەروەها بۆ ئەوەی کتێبەکە

دەوڵەمەند تر بێت، وتارێکی بەڕێز د.ئەسعەد رەشیدی، وتارێک لە مەڕ کوردەکانی سووریەی لە خۆ گرتوە. کە لێرەدا سوپاسیان دەکەم و قەڵەمیان رەنگین بێت بۆ راژەگوزاری نەتەوەکەمان.

هیوا دارم هەموو لایەک بەدڵی بێت....

ئەفراسیاب گرامی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێگەی کورد لە رۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا

ناوچـەی رۆژهـەڵاتی نـاڤین، ئـەو ناوچـە ئـاڵۆزەی جیهانـە کـە زۆرتـرین بەرژەوەنـدیی زلهێزەکـانی لـە رەوڕەوەی مێـژوودا، تێـدا مامـەڵـەی لەسـەر کـراوەو ئـەم ناوچـەیـە بـە هـۆی فاکتـەرە ئیسـتراتیژیکیو ژیۆپۆلیتیکیەکانیـەوە هـەمووکات بۆتـە گۆڕەپـانی ململانێـی هێـزە جیهانییـەکانو لـە هـەمان کاتیشـدا ئـاڵۆزترین ناوچـەی جیهانـە کـە تووشـی قـەیرانێکـی چڕوپـڕ هـاتووە. بۆیـە رۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت نەخۆشـەو بـوونی دەسـەڵاتـە توتالیتـارو سـەرەڕۆکـانیشو نالـەباربوونی بـارودۆخی ژیـانی خـەڵکـی لـە بیاڤـە گشـتییە سیاسـی، کۆمەڵایـەتیو کولتـووریو ئابوورییەکانـدا دوو ئەوەنـدەی دیکـە پـەکی خسـتووەو کاریگەرییەکـەی قـووڵی لەسـەر گۆڕانکارییـە جیهانییـەکان دانـاوە. لـە لایـەك بـە هـۆی بـوونی سـەرچاوەیـەکی وزەو کانگـای ژێرزەوینـیو لـە لایـەکی دیکـەوە، هـەڵکـەوتوویی ژیۆئیسـتراتیژیکی ئـەم ناوچـەیـە، وەهـای کـردووە کـە ململانێ جیهانییـەکان لێـرەدا چـڕ بکاتـەوە. هـەڵکـەوتوویی لـە دڵـی جیهانـداو فرەئـایینیو فرەکولتـووری، فرەنەتـەوەیـیو قـەیرانـی

ناسیۆنالیزم لەم دەڤەرە پڕ لە کێشەیەدایە، کە هەموو ئەم فاکتەرە بنەڕەتییانە دەستیان داوەتە دەستی یەکدی هەتا بڵێین کە رۆژهەڵاتی ناڤین، مەکۆی قەیرانو گیرۆدەی نەخۆشییەکە کە بێ چارەسەرکردنی حقووقیو سیاسی شارۆڤەندان بە تایبەتی مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکانو لەبەرچاوگرتنی کەمایەتییە ئایینیو ئەتنیکییەکان، ئەو رەوشە بەرەو باشیو هێمنی ناڕواتو تەناهی ناوچەکە بەرەو ڕووی مەترسییەکی جیددیتر دەبێتەوە، کە لە داهاتوودا دەبێتە مۆتەکەی نەهامەتی بۆسەر کۆمەڵگای مرۆیی. یەکێك لەو ئەگەرانەی کە رەنگە زۆر روونو بەرچاوو بێت، پەرەسەندنی بیری بناژۆخوازیو رادیکالیزمی ئیسلامییە کە یەکەمین لەمپەر لەبەرامبەر دێموکراتیزاسیۆنی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤیندایە. واتە ئەگەر بڵێین تەوەرێکی دیکەی شەڕ لە داهاتوودا، دروست ببێ، تەوەری متافیزیكو بناژۆخوازییە. لە حاڵێکدا کە دنیا لە گۆڕانو گۆڕانکارییە خێراکانی خۆی لە نێو پرۆسەی بە جیهانیبووندا تێپەڕ دەکاو بێپرسوڕا سنوورە نەتەوەییەکان دەبەزێنێ، دەوڵەتە توتالیتێرو سەرەڕۆکان تووشی وەرچەخانێکی کوتوپڕ دەبنو لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ زایەڵەی تیرێژی مافەکانی مرۆڤدا تووشی قەیران دەبنو چونکوو چەقبەستوو و نەگۆڕن، هەر چەشنە گۆڕانێك لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیستمی دەسەڵاتدارێتیدا، بە واتای نەمانی ئەو سیستمەیەو دەڕووخێ. چونکە کاتێک سیستمێک بیچم دەگرێو کۆڵەکەکانی ئەو سیستمە بنیات دەنرێ، ئەگەر چەقبەستوو و نەگۆڕ بێ، ئەوا ریفۆرم هەڵنەگر دەبێ، بەڵام ئەگەر گۆڕان هەڵگر بێو گۆڕانخواز بێت، ئەوا دەبێتە دینامیزمی پێکهێنانی گۆڕان لە کۆمەڵداو خۆی لەگەڵ رەوتی نوێدا رێک دەخات. شایانی باسە کە ئەو رەوتە لەگەڵ بیرە چەقبەستووەکاندا ناگونجێو ئەمەش لە مێژوودا، دووپات بۆتەوەو مێژوو پێمان دەڵێ کە سیستمە نەگۆڕەکان، لە زەمەنێک لە مێژوو لەبەریەک هەڵدەوەشێنەوە. لێرەدا بە چاوخشاندنێک بەسەر رەوەشی رۆژهەڵاتی ناڤین، دەبینین داوێنی ئەم وڵاتانە، دیکتاتۆرییەتەو گیرۆدەی سیستمی توتالیتێرین. ئەم سیستمانە لەگەڵ دنیای ئەمڕۆو جیهاندا ناتەبایەو ناتوانن خۆیان نوێبکەنەوە. لە کاتێکدا جیهان بەرەو شارستانییەتو پێشکەوتنی هەرچی خێراتر دەڕوات، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین هەتا دێت، بەرەو بناژۆخوازیو رادیکالیزمی ئیسلامی دەڕوات کە ئەو فاکتەرەش رۆژەڤی دێموکراتیزاسیۆنی ناوچەکەی وەدوا خستووە. تێکچڕژانی فاکتەرە دەردەکییەکانو ناوچەییەکان لە مێژووی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا گەلێک ئاڵۆزیو بشێوی لێکەوتۆتەوە. لەوەیڕا کە لە کۆمەڵگا دیکتاتۆر لێدراوەکانی ناوچەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، خەڵکی دەکەونە بە شاڵاوی سەرکوت‌و توندوتیژییەوەو مافیان لێ زەوت دەکرێ، بۆتە ئاخێزگەی سەرهەڵدانی بزاڤەکۆمەڵایەتییە بەرهەڵستکارانەکان، بۆ ئەوەی بەستێنێکی لەبار بۆ گەشەسەندنی دێموکراسی ڕێك بخەن‌و لە گێژاوی ڕاسیزم‌و توتالیتاریزمدا دەرباز ببن‌و بە مافە سروشتی‌و ڕەواکانی خۆیان بگەن. لە نەبوونی دێموکراسی، کۆمەڵگای مەدەنی، خوازیاری مافە سیاسی‌و کولتوورییەکانی خۆیانن‌و ئەم بزاڤانەش بەردەوام ڕادیکاڵتر دەبنەوە.

بە پێی هەڵکەوتوویی ئیستراتێژیکی ئەم ناوچەیە هەمووکات مەیدانی پێکدادانی زلهێزەکانی ناوچەکە بووەو لە مێژە ئەم ناوچەیە بە هۆی فرەنەتەوەیی‌و فرەکولتووری وەك واقعیەتێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی دەناڵێنێ‌و نەبوونی سیستمێکی سیاسی‌و حقوقی لەسەر بنەمای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ‌و کەمایەتییە نەتەوەیی‌و ئەتنیکی‌و ئاینییەکان، هەمیشە ناوەندی چڕی ئاڵۆزی‌و پێکدادان بووە. هەڕەشەی کولتووره زاڵەکان کە باڵادەست بوون، بۆتە هۆی ئەوەی کە شوناسی نەتەوایەتی نەتەوە ژێردەستەکان ڕاچڵەکێنێ‌و لەبەرامبەر ئەو سیستمە دژەنەتەوەییانەدا کە هەوڵی ئاسمیلەکردنی نەتەوەکانی دیکەیان داوە، ڕووبەڕوو ببنەوە. دەستێوەردانی هێزە جیهانییەکان‌و پڕۆژەی کۆلۆنیال کردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لایەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زلهێزەکانـــەوەو تێکـــەڵاویی سیاســـەتو ئیســـتراتیژی جیهـــانی لەگـەڵ بەرژەوەنـدیو قـازانجی هاوکێشـە سیاسـییەکانی دەسـەڵاتـە توتالیتێرەکـــانی ناوچـــە، بوارخۆشـــکەر بـــوون بـــۆ بـــە ئاکـــام نەگـــەیشـــتنی دیموکراســـی لـــە ناوچەکـــەدا. ئـــەم واقعیەتـــە بەرهەســـتانەو کۆمـــەڵێك لـــە فاکتـــەرە دژبـــەیەکـــەکانن کـــە رۆژهـــەلاتی نـــاقینی تووشـــی گێژاوێـــك کـــردووە تـــەنیا رێگـــا چـارەی دابینبـوونی مـافی نەتـەوەیـی نەتـەوەکانو لەبـەرچاوگرتنی حقـــووقی سیاســـیو مـــەدەنی دانیشـــتوانی ئـــەم ناوچـــەو ئـــەم هۆکـارەش کـە نەتـەوەکان لـە پێنـاو مانـەوەی خۆیانداو بـەرگری لـە بـوونی نەتـەوەی خۆیـان دەکـەن، بۆتـە هـۆی سـەرهەڵـدانی بزاڤـە نەتـەوەیـی ـ دیمـوکراتیکی نەتـەوە ژێردەسـتەکانو لەوانـەش کـورد، نزیـك بـە 200 سـاڵە لـە نێـو جەرگـەی رووداوەکـانی رۆژهـەلاتی نێوەڕاسـتدا لـە خەباتدایـەو هەنووکـەش وەکـوو گـەورەترین نەتـەوەی بێدەوڵـەت هـەتا دێـت خەباتـە رەواکـەی رادیکـاڵتر دەبێتـەوەو گـەروەترین ئامـانجی ئـەم نەتـەوە سـتەم لێکـراوەش، گـەیشـتن بـە ئـــازادی بـــووەو ئـــازادی بـــۆ کـــورد لـــە ســـەرەوەی هـــەموو ئامانجەکانی دیکە بووە.

کورد لە نێو بازنەی هاوکێشە سیاسییەکاندا

کێشـەی کـورد یـەکێك لـەو کێشـە سـەرەکیانەی ناوچـەی رۆژهـەلاتی نێوەڕاسـتەو وەکـوو گـەورەترین نەتـەوەی بێدەوڵەتـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە لە جیهانی ئەمڕۆدا، بە نزیکەی 40 میلیۆن حەشیمەتەوەو هەڵکەوتوو لە چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیەو سووریەدایە. ئەم دابەشبوونە خوێناوییەو دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا حاشا لە بوونو شوناسی کردووەو وەڵامی داواکارییە رەواکانیان هەمووکات بە سەرکوتو ئاگرو ئاسنو قاتو قڕی خەڵکی بێتاوانو ستەملێکراوی کورد داوەتەوەو ئەوەش وتە هۆی ئەوەی کە ناسیونالیزمی کوردی، وەك هەڵقوولاوی هەستو سۆزو بەرگری رەوایی نەتەوەی کورد سەریهەڵداوەو توانیویە بوونو مانی خۆی رابگرێو لە بازنەی هاوکێشە سیاسییەکاندا، کێشەی رەوای کورد بە نێونەتەوەیی بکات. لە رەوڕەوەی مێژووی رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا، شوناسی کورد، مێژوو، کولتوورو ئابووریو ژێرخانە ئابوورییەکەشی بەتاڵان چووەو لەم دوو سەدەیەی دواییەدا بۆتە ئامانجی هێرشی باڵادەست بەسەر کوردستاندا بووە.

دابەشبوونی کوردستان هەر لە سەرتاوە، واتە لەساڵی 1514ەوە کە کوردستانی بەسەر دووبەشدا دابەش کرد، بگرە هەتا شەڕی یەکەمی جیهانیو ئەو دابڕانە کولتوورییە کە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی فرەچەشنەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا درووست بووە، خەسارێکی قەرەبوونەکراوەی لە شوناسی نەتەوەیی کورد دا، بۆیە ناسیونالیزمی کوردی بە واتایەك

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بریتییە لە سیاسەتی سەلماندنو بوونی نەتەوەی کوردو جیاکردنەوەی سەروەری "ئەوی تر" لە خۆی بووە.

ساڵی 1918 بە دوای شەڕی جیهانی یەکەم، ویلسۆن سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا، گەڵاڵەیەکی بۆ سەقامگیری ئاشتیو تەناهی لە جیهاندا هێنا ئاراوە کە کاریگەرییەکی بەرچاویی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە تایبەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەبوو. گەڵاڵەی ویلسۆن خاوەن پێکهاتەیەکی حقووقیو سیاسی بوو کە تێدا بانگەشەی "مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان" کرابوو و کاریگەرییەکی بەرینی لەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی کورد، کە هەر ئەو گەڵاڵەیە بووە هۆی ئەوە کە باندۆری لەسەر "پەیماننامەی سێڤەر" هەبێ. بەڵام دەبینین کە لە ژێر ساباتی بەرژەوەندیی زلهێزەکانیو ساتو سەودای هەمدیس نەتەوەی کوردی رووبەڕووی خەباتێکی دوور و درێژ کردەوە کە هەتا هەنووکەش درێژەی هەیە.

کێشەی نەتەوەکان بە چەشنێك زەق بۆتەوە کە سیستمە دژەدێموکراتیكو توتالیتێرەکانی تووشی گۆڕانێکی ناهەوسەنگ کردۆتەوە بە چەشنێك "رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 1933 بە " ساڵی نێونەتەوەیی خەڵکە خۆجێییەکان" ناودێر کرد. لەو دانیشتنە گشتییەی "رێکخراوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتـــەوەیـــەکگرتووەکانو نوێنـــەرانی خـــەڵکـــانی بـــێ نەتـــەوە"دا کـــە دەستـی پێکـرد، 60 ڕێکـراوی نەتـەوەیـی نوێنـەری نەتـەوەکان کـە نوێنەرایـەتی 300 میلیـۆن (5% تـەواوی حەشـیمەتی جیهـان بـوو، دەکـرد. لـەو کۆبوونەوەیـەدا نوێنـەرانی تەبـەت، گـەورەترین وڵاتێـك کـە هێشـتا کۆلۆنیـالکراوە، کوردەکانیـان بـە گـەورەترین نەتـەوەی بێدەوڵـەتن نـاودێر کـرد. هەرچەنـد مەسـەلەی کـوردو دۆزە ڕەواکـــەی لـــە هـــەوڵی بێوچـــانو بەرخۆدانـــە بـــەردەوامو دینامیکیەکـەی خـۆی، بـە نێونەتـەوەیـی بـووەو چیـدی لـە سـنووری وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتی نـاڤین کـە خولْقێنـەری کێشـەی کـوردن، تێپـەڕیوەو دەبیـنن کـە ئـەمڕۆ بۆتـە کێشـەیەکی جیهـانیو ڕەنگـە ئەولێکدانـەوەی ئیسـتراتیژیکی "پـاول هـوربرت" کارناسـی جوغرافیـایی سیاسـی ئـەمریکایی "سـەقامگیری ڕۆژهـەڵاتی نـاڤین لـە گـرەوی مەسـەلەی عـەرەب - ئیسرائیل دا نیە، بەڵکوو لـە گـرەوی چارەسـەرکردنی مەسـەلی کوردەکـانو دۆزینـەوەی ڕێگای چارەسەی بۆ ئەواندایە"، ڕاستییەکی بەرچاوە.

نەتـەوەی کـورد لـە ڕەوتـی مێژوویـی خۆیـدا، لانیکـەم ئـەزموونی چەنـدین خۆبـەڕێوەبردنی هـەبووە کـە دەتـوانین ئامـاژە بـە حکومـەتی ئـارارات لـە سـاڵی 1928 بـە ڕێبـەری ئیبـراهیم پاشـا، حکوومـەتی کوردسـتان 1921 بـە ڕێبـەریی شـێخ مـەحموودی نـەمر، کۆمـاری کوردسـتان بـە ڕێبەرایـەتی حیزبـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێموکراتو پێشەوا قازی محەممەدو هەنوکە حکومەتی هەرێمی کوردستان. کەواتە نەتەوەی کورد بە تەواوی فاکتەرەکانی نەتەوەبوونییەوە، راستییەکی حاشاهەڵنەگرەو بۆتە ئاخێوێکی سیاسیی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤینو جیهانیو هەست پێکراوە. ئەوەی کە تا ئێستا بۆتە هۆی لەمپەر لە بەرامبەر دۆزی کورددا، روانگەو روانینی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا بووەو مەترسی ئەوان لە بوونی کیانێکی کوردی. لە هەمان کاتدا بزاڤی ناسیونالیستی کورد لە رەوتی بە جیهانیبووونداو بە لێك نزیککردنەوەی کولتوورەکان پێکەوە، بە شێوەیەك لە پەنای یەکتری دانانیانو رەوشی نوێدا، بە بەشداریو رەنگدانەوەی (ئاوێتە بوون، پێداچوونەوە، ئاڵوێر، باندۆری) لەسەر هاوکێشەکان، رادیکاڵتر بۆوەو بەردەوامی دەداتە ژیانی خۆیو ئاڵاهەڵگری ئاشتیو تەباییو دژی هەرچەشنە سەرەڕۆیو توتالیتاریزمێکەو وەك بزاڤێکی سیاسییە کە ئامانجی بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردەو دەستەبەرکردنی میکانیزمە پێویستەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی یەکسانو مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکوو نەتەوەکانی دیکەی جیهانیە.

## ئاسۆی گۆڕانکارییەکان لە هەزارەی سێهەمدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان هەڵکەوتوو لە رۆژهەڵاتی ناڤینداو دەرووی چوونە نێو رۆژهەڵاتو رۆژئاوا بووە، ناوەندی ململانێی هێزە چەپو رادیکاڵەکان بووە. بزاڤی نەتەوەیی کوردیش بە پێی ئەم لێکدانەوەیەو رەوشی کوردستان لە قۆناخە جیاجیاکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو هەڵکەوتوو لە ناوچەیەکی ئیستراتیژیو جێگای سەرنجی زلهێزانی شەڕی سارد بووەو هەردەم بزاڤی نەتەوەیی کورد بۆتە قوربانی ساتو سەودای بەرژوەندییەکان زلهێزەکان، دەبینین کە کێشەی کورد بەدەر لەو هێڵە نیە کە کوردو خەباتەکەی بە پێی هەلومەرج کەوتۆتە ژێر کارتێکەری ململانێی جیهانییەوە. بەڵام لە بەربەیانی هەزارەی سێهەمو بە دوای لەبەریەکهەڵوەشانەوەی بلۆکی مارکسیزم - لێنینزم، بزاڤی کورد کەوتە قۆناخێك کە سەردەمی بەجیهانیبوونو تێکنۆلۆژیایەو ئەم رەوتەشو زایەڵەی ئەم گۆڕانکارییەش رۆژهەڵاتی ناڤینی تەنیوەتەوە. زەقبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی، هاتنە ئارای پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو کاریگەری لەسەر دۆزی کوردو یەکگرتنەوەی بەرژوەندییەکانی کوردو رۆژئاوا، دەبینین کە بزاڤی کورد لە رەوتی ئاشتیو تەناهی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا هەڵکەوتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەرایی:

هێما: نووسین لەمەڕ مێژووی سیاسیی نەتەوەکان بە گشتیو نەتەوەی کورد بە تایبەتی، ئەگەرچی کەمە، بەڵام دەتوانین لێی بکۆڵینەوە. بە تایبەت لەمەڕ نەتەوەی کورد بە هۆی ئەوەی کە وەکوو نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتو نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی دیاریکراوو مێژووکەی تێکەڵ بە مێژووی سیاسیی دەوڵەتەیلی زاڵ بەسەر کوردساندا بووە.

کوردستان بە هۆی هیندێك تایبەتمەندی دەگمەنیی جوغرافیای سیاسییەوە لە سەرەتاوە هەتا ئێستا جێگای سەرنجی دەسەڵاتە سیاسی - نیزامییە نێونەتەوەییەکان بووە، ناوەندی ململانێو هێنانی دوایین هێزی چارەنووسساز لە مێژووی جیهاندا بووە. ئیدیعای ئێمە بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە ئەوەیە کە روودانی پتر لە بیست شەڕی مەزن لە نێوان زلهێزە ناوچەیی، نێونەتەوەییو ئیمپراتوورییەکان لە سەردەمە جۆراوجۆرەکان لەم خاکەدا رووی داوە. (ن.ك.کۆلۆنیالیزمی کولتووریی نەتەوەی کورد، بێهزاد خۆشحالی، 1384).

کوردستان بە هۆی تایبەتمەندییە ژیۆسیاسی، مەدەنیو مێژووییەوە، نیشتمانی "رۆژهەڵاتی"یەو بە هۆی هەڵکەوتن لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەنـــدی رۆژهەڵاتـــی نـــاڤینو ناوەنـــدی "متحـــدالمرکز" (لە روانـــگەی "ژان گـــاتمن"ەوە)، خـــاوەن پێگەیەکـــی تـــایبەت لە بڕیـــاردانو بڕیاردەرکردنەکانـــدا کە دەبـــنە هـــۆی راوەســـتانو پراکتیـــك بوونیـــان لە رۆژهەڵاتـــی نـــاڤینو جیهانـــدا بـــووە. (ئەگەرچـــی دەبـــێ بڵێـــین کە نەتەوەی کـــورد هەتـــا ئێســـتا خـــۆی وەك هۆکـــاری هـــیچ کـــام لەم کردەکـــار(کـــنش)انە نەبـــووە). بە ســـەرنجدان بەم بـــابەتە کە رەوشـــی نەتەوەی کـــورد لە رۆژهەڵاتـــی ناڤینـــدا هێشـــتا لە رەوتێکـــدایە کە گـــۆڕان لە هاوکێشـــە سیاســـی . جوغرافیاییەکـــانی نـــاوچەکەداو هەروەهـــا ئێستاشـــی لەگەڵـــدابێ لە زەمەنێکـــی دیـــکەدا باســـــهەڵگرترەو بە گرینگیـــــدان بە بەشـــێك لە لێکـــــدانەوەی ئیســـــتراتیژیکی "پـــاول هـــــۆربرت"ی ئەمریکـــــایی، کارناســـــی جوغرافیـــای سیاســـی "ســـەقامگیری رۆژهەڵاتـــی نـــاڤین لە گـــرەوی مەســـەلەی عەرەب . ئیســـرائیل دا نـــیە، بەڵکـــوو لە گـــرەوی چارەســـەرکردنی مەســـەلەی کوردەکـــانو دۆزیـــنەوەی رێگـــای چارەســـەری بـــۆ ئەوانـــدایە). لە چەنـــد بەشـــێکدا بە تـــاوتوێکردنی کێشـــەی کـــورد لە روانـــگەی مێـــژووییەوە خەریـــك دەبین.

بە ســـەرنجدان بە ســـنووردانان لە تـــوێژینەوەکەدا، لەم بیـــاڤەو چرۆپـــڕی دەروونیـــی مـــژارەکە، باشـــترە کە روانـــگەی خـــۆم لەمەڕ بەســـتێنە مێژووییەکـــانی مەســـەلەکە کە مەودای نێـــوان 1514

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا سەردەمی هاوچەرخ ـ واتە دابەشبوونی كوردستان تا سەردەمێك كە مێژووی سیاسی كورد گۆڕانهێنەرێك بە ناوی حیزب لە نێواخنی خۆیدا دەخولْقێنێت ـ دەخەمە روو و، دواتر لە ناساندی شوێنە ئیپتیمۆم (بەرچاوەكان)ی مێژووی سیاسی نەتەوەی كوردەوە، بە تاوتوێكردنی جوولانەوە سەرتاسەرییەكان لەگەڵ چییەتیو ئامانجە سەربەخۆییخوازەكانەوە خەریك دەبم.

چوارچێوەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەدا بە كەڵكوەرگرتن لە پێنج وشەی "كردەكار(عمل)"، "هۆكار(عامل)"، "گۆرەپان(عرصە)"، "ئامراز(وسیلە)"و "ئامانج(هدف)" بە تاوتوێكردنی تایبەتمەندییە جێگای باسەكانەوە، خەریك دەبین.

پێشینە

بۆ چوونە نێو باسەكەوە، سەرەتا پێویستە بەهێندێك شوێنی ئیپتیمۆمی لە مێژووی سیاسیی نەتەوەی كورددا خەریك بین كە لەم نێوەدا، باشترە گرینگترین پەیماننامەو رێككەوتننامەكانو لە درێژەدا بزاڤە نەتەوەییەكانی نەتەوەی كورد لە بیاڤی نیشتمانیی كوردستاندا بەكورتی بیهێنینە بەرباسەوە:

ئەلف: گرینگترین پەیماننامەكان كە دۆزی كوردیان لەژێر باندۆری خۆیان داناوە:

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ رێککەوتننامەی ئیدریس بەدلیسیو سولّتان سەلیمی یەکەم (1514)

ـ پەیماننامەی ساڵەکانی 1590، 1556، 1555

ـ پەیماننامەی 1639، نێوان سولّتان مۆرادی چوارەمو ئیمپراتووری سەفەوییە (دابەشبوونی یەکەمی کوردستان)

ـ پەیمانی ئەرزرووم لە ساڵەکانی 1853، 1847، 1823و ....

ـ پەیماننامەی سنووری لە ساڵەکانی 1747، 1736، 1727و ...

ئەم پەیماننامانە کە گرینگترینیان پەیماننامەی "زەهاو (1639)"ە، کە دەبێتە هۆی دابەشبوونی کوردستان (کوردستانی عوسمانیو کوردستانی سەفەوی)و سەقامگیری ئەم پەیماننامەیە لە چوارچێوەی پەیماننامە سنوورییەکانی نێوان دوو هێزی ناوچەیی زاڵ بەسەر کوردستاندا بووە.

ب: پەیمانی سایکس ـ پیکۆ:

ئەم پەیمانە کە لە ساڵی 1916 (9 ـ 16ی مەی) بەدوای کۆتایی هاتنی وتوویژی نوێنەرانی بریتانیا (مارک سایکس)و فەڕانسە (جورج پیکۆ) بەستراو کوردستانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی کە بە دوو بەشی Aو B دابەش کراوە، دەوڵەتی رووس بە نوێنەرایەتی "سازانۆف"یش لەگەڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاگاداربوونەوە لە نێواخنی ماددەکانی نێوان پەیماننامەکە، بەشێك لە کوردستانی لەژێر دەسەڵاتی خۆی دانا. لەم پەیماننامەیەدا، ناوچە کوردنشینەکان بەڕیزی دابەشکردنییەوە:

ـ باکووری کوردستان (باشووری رۆژهەڵاتی تورکیەی ئێستا) لەژێر دەسەڵاتی رووسیە

ـ باشووری کوردستان (حکوومەتی ئێستا هەرێمی کوردستان، موسڵ و کەرکووك) لەژێر دەسەڵاتی بریتانیا

رۆژئاوای کوردستان (سووریەی ئێستا) لەژێر دەسەڵاتی فەڕانسە

پ: پەیمانی سێڤەر:

ئەم پەیماننامەیە لە رێکەوتی 10 /1920/8 نێوان دەوڵەتانی داگیرکەری شەڕی یەکەمی جیهانی و ئیمپراتووری عوسمانی لە پاریسدا بەسترا. "ژنراڵ شەریف پاشا"و هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد لە کۆڕی ئەم پەیماننامەیەدا بەشدار بوون. بە هۆی ئەم پەیماننامەیەوە:

ئیمپراتووری عوسمانی دابەش بوو و لە بڕگەکانی 62، 63و 64 کە راستەوخۆ تایبەت دراوە بە دۆزی کورد کە دەبێ "مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد"ەکان لە مەودایەکی زەمانی تایبەتدا بەڕێوە بچێت، هاتۆتە بەرباسەوە. ئەم پەیماننامەیە یەکەمین بەڵگەی حقووقی نێونەتەوەییە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژووی نەتەوەی کورددا کە گرینگی دەداتە دۆزی کوردو مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەوە.

پەیمانی لۆزان:

ئەم پەیماننامەیە لە ڕێکەوتی 1923/7/24 نێوان تورکیەو هاوپەیمانە نوێیەکاندا بەسترا. بە بەستنی پەیمانی لۆزان، پەیمانی "سێڤەر" بە کردەوە هەڵوەشێنرایەوەو بنەما حقووقییە نێونەتەوەییەکانی دۆزی کورد لە گێژاوی بێدەرەتانی"ماف هەمیشە بۆ باڵادەستە (الحق لمن غلبت)"دا هێشتەوە.

پەیماننامەی سەعد ئاباد:

ئەم پەیمانە لە ڕێکەوتی 1937/7/8 نێوان وڵاتی ئێران، تورکیە، عێراق، ئەفغانستانو .. بەسترا. گرینگترین بەندێ کە تا ئێستا گرینگی ئەم پەیماننامەی راگرتووە، بڕگەی پێوەندیدار بە ڕێککەوتننامەی دەوڵەتەکانی سەر بە گرێبەستەکە لەمەڕ ڕەواییدان بە سەرکوتی کوردەکانەوەو پێویستی دانەوەی بێئەملاوئەولای نەتەوەی کورد بە هەرکام لە وڵاتانی خاوەن دەسەڵات بە سەر کوردستاندایە.

لە نێوەرۆکی ئەم پەیماننامەدا کە ئاماژەمان پێکرد وەها دیارە کە ئامانجی دەوڵەتانی بەشدار لە بەستنی ئەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیماننامەیە لە چوارچێوەیەکی گشتیدا، لە خوارەوە کورت کراوەتەوە:

. دابەشبوونی کوردستان

. هەڵوەشانەوەی ئیمپراتووریی عوسمانی

. گەمارۆی سیاسی . نیزامی یەکیەتیی سۆڤییەت (پێشوو)

ــ بەستێنسازی بۆ پێکهێنانی دووبەرەکیی نەتەوەییو مەزهەبییەکان لە ناوچەکەدا

ــ بە ئەهرۆم کردنی مەسەلەی کورد بۆ گوشارێك سیاسی بۆ سەر حکوومەتە باڵادەستەکان

ــ هەوڵ بۆ بەرپەرچدانەوەی تەواوی ئەو پلانو بەرنامە کارتێکەرانەو دروستکردن لەمپەر لەبەردەم پێکهاتنی وڵاتێکی سەربەخۆی کورد

بزاڤەکان:

لە نێوان گرینگترین بزاڤەکانی نەتەوەی کورد دژ بە گرووپی باڵادەست لە کوردستاندا، دەتوانین ئاماژە بە نموونەکانی خوارەوە بکەین:

ــ بزووتنەوەی عەبدوڕەحمان پاشای بابان (سلێمانیە 1806 . 1808)

. بزووتنەوەی ئەحمد پاشای بابان (سلێمانیە 1812)

. بزووتنەوەی کوردەکانی زەرزا (سیواس 1820)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ بزووتنەوەی میر بەدرەخان (جەزیرەو بۆتان 1821 ـ 1847)

ـ راپەڕینی محەممەد پاشا (رەواندز 1826 ـ 1833)

ـ راپەڕینی شەنگار (1830 ـ 1833)

ـ بزووتنەوەی میرشەرەفخانی بدلیسی (باکووری کوردستان 1834)

ـ راپەڕینی یەزادنشیر (باکووری کوردستان 1834)

ـ بزووتنەوەی حسێن کەنعان پاشاو عوسمان پاشا (باکووری کوردستان 1879)

ـ راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری (1880 ـ 1881)

ـ راپەڕینی عشیرەتی کەلهوڕ (رۆژهەڵاتی کوردستان 1905)

ـ راپەڕینی کوردەکان موسڵ، ئەرزڕووم‌و بدلیس (1907)

ـ راپەڕینی شێخ عەبدوسەلام بارزانی (بارزان 1908 ـ 1914)

ـ راپەڕینی مەلا سەلیم‌و شەهابەدین (بدلیس 1913)

ب) 1914 ـ 1939

ـ بزووتنەوەی شێخ مەحموودو حکومەتی کوردستان (سلێمانیەو باشووری کوردستان 1919 ـ 1932)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ راپەڕینی شێخ سەعید پیران (باکووری کوردستان 1925 ـ 1934)

ـ بزووتنەوەی جافرسوڵتان هەورامان (1912ـ 1914و 1929و 1930)

ـ راپەڕینی سەیدرەزا دێرسیم (باکووری کوردستان 1937)

ـ راپەڕینی ئیبراهیم خانی دەلۆ (کفری 1920)

ـ راپەڕینی ئیسمایل ئاغای سمکۆ (رۆژهەڵاتی کوردستان 1920 ـ 1930)

ـ راپەڕینی کەریم بەگی هەمەوەند (1921 ـ 1922)

ـ راپەڕینی دیاربەکر (باکووری کوردستان 1934 )

ـ راپەڕینی ئیزدییەکان (1939)

ـ راپەڕینی ئیبراهیم هەنانۆ (1925 ـ 1945)

ـ راپەڕینی گۆیان (زاخۆ 1919)

پ) 1940 هەتا دەورانی هاوچەرخ

نێواخنی ئەم دەورانە تێڕوانینێکی مێژووی سیاسییەو بەگشتی لە دەورانی پێش لە 1939دا جیاوازترە، چونکە لەوە بەدواوە لەگەڵ هاتنو راگەیاندنی چالاکانەی حیزبە کوردییەکان بیچمی گرتو بزاڤی سەربەخۆییخوازانەی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی بە ئەندامبوون لە حیزبو خەباتە چەکدارییەکانداو لە تەنیشت خەباتی سیاسیو بزاڤی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرتاسەری بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکان، ڕێك دەخرێت. حیزبەکانی ئەم دەورانە هەتا ئێستا ڕێبەرایەتی بزاڤی سیاسی - نیزامییان لە ئەستۆ گرتووەو جووڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی نەتەوەی کورد هێدی هێدی ڕەوگەی راستەقینەی خۆی دەگرێتەبەر.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری



ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری

زۆر لە مێژوونووسان، راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری بە دەستپێکی بزاڤی ناسیونالیزمی مۆدێڕن لە کوردستاندا ناو دەبەن. ئەم راپەڕینە بە هۆی نێواخنو تایبەتمەندییە دەگمەنەکانی خۆی، ئەو راپەڕینە لە راپەڕینەکانی پێش لە خۆی جیا دەکاتەوەو بە بزاڤەکانی دوای خۆیەوە نزیك دەکاتەوەو خاوەن گرینگییەکی زۆر لە مێژووی سیاسی نەتەوەی کورد دایە. لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە کە پێشتر گوترا، سەرەتا پێنج فاکتەری سەرەتایی وەڵام داوەتەوەو بە تاوتوێکردنێکی خێرای راپەڕینەکە و لە ئاکامدا بە هێنانە بەرباسی هێندێك لە تایبەتمەندییەکانی راپەڕینەکە، خەریك دەبین:

1. کردەکار (عمل): راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری
2ـ هۆکار (عامل): هێزە چەکدارەکانی کورد لە سنووری ئێرانو عوسمانیدا بە رێبەری شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

3. گۆڕەپان (عرصە):

الف: هەڕەت ( زمان): 1881 ـ 1880

ب ـ شوێن (مکان): بەشێکی سەرەکی لە کوردستان لە ئێرانو بەشێکی دیکەی لە جوغرافیای عوسمانی

4. ئامراز (وس یلە): ڕاپەڕینی چەکدارانە

5ـ ئامانج (مقصود): هەوڵ بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە چوارچێوەی خودموختاریدا

ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، کە یەکێك لە گرینگترین هۆکارەکانی بیچمگرتنی میکانیکی ئەو، هەوڵ بۆ سڕینەوەی میکانیکی هەمزەئاغای مەنگوڕ لە لایەن حاکمی مەهابادەوە بوو. لە ساڵی 1880ی زایینی دەستی پێکردو بۆ ماوەی ساڵو نیوێك بەشێکی بەربڵاوی کوردستانی تەنیەوە.

ڕێبەری ئەم ڕاپەڕینە نێواخنێکی مەزهەبی ـ نەتەوەیی بووەو بە هۆی دەسەڵاتی مەزهەبیی شێخەوە، لە خاوەن پوتانسییەلەکی بەهێز بۆ کۆکرنەوەی هێزی کورد دژ بە هێزەکانی ئێران ـ عوسمانی بوو. ئەم ڕاپەڕینە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، دەبێتە هۆی ئازادکردنی بەشێکی گەورەی کوردستان لە ئێرانو سنوورەکانی عوسمانی، هێزەکانی شێخی بەرەو گرتنی تەورێز برد. بە لاّم لە ئاکامدا بە هۆی دیپلۆماسییەکی چالاکی بریتانیایی ـ ڕووسییەکان،

دانوستانەکانی ئێرانو عوسمانیو سەرهەڵدانی کۆمەڵە درزێك لە نێوان هێزەکانی شێخدا، بووە هۆی کشانەوەی هێزی کوردو لە ساڵی 1881ی زایینی بە هۆی دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهرییەوە، رەوتێکی ئاوەژووبوونی بەخۆوە گرت.

شێخ عوبەیدووڵڵا نەهری، لە یەکەمین رێبەرانی کورد پاش 1639و دوای دابەشبوونی کوردستانە کە لە نووسینەکانی خۆیدا لەگەڵ نوێنەرو کۆنسێلگەرییەکانی بریتانیا، سەرۆکەکانی ئێران ـ تاران، باس لە مافی کورد بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی کردووەو لە ژێر ناوگەلێکی وەك: "نەتەوەی کورد"، "مافی هەڵبژاردن بۆ کوردەکان"و لە ئاکامدا " دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد"، تایبەتمەندییەکانی نەتەوەخوازی کوردی بە شێوەیەکی روون ئاشکرا دەکات. ئەو هەروەها جیا لەوەی کە کەسایەتییەکی ئایینی بوو، کەسایەتییەکی ناسیونالیستی نەتەوەیی بە خۆوە گرتبوو و تەواوی هێزی ئایینی خۆی لە خزمەت بە کوردو نەتەوەخوازی کوردی دانابوو.

لە نموونەکانی دیکە کە دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین، یەکانگیری هێزە کوردییەکان لە ئاستێکی پلەباڵای لەم بزووتنەوەیەدا بە رێبەرایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهرییە کە جیا لە سنووربەندی کردنی سنوورەکانی ئێرانو عوسمانی،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردەکانی ئەمبەراوبەری سنووره دەستکردەکانیان پێکەوە لە پێناو وەدەستهێنانی ئامانجێکی هاوبەش پێکەوە لە پاڵ یەکدی دادەنا.

بەڵام، گرینگترین تایبەتمەندییەکانی راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری بریتین لە:

1ـ رێبەریی ئایینی . نەتەوەیی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری لە سەرەتای راپەڕێنەکەوە

2. بوونە رێبەرێکی نەتەوەیی لە درێژەی راپەڕێنەکەدا

3. بەربڵاویی جوغرافیایی راپەڕینەکە تا رادەیەکی زۆر

4ـ یەکانگیری هێزە کوردییەکان لە ژێر کاریگەری و دەسەڵاتی رێبەریی ئایینی . نەتەوەیی شێخ

5ـ بەشداری کوردەکانی نێوان هەردوو سنووری ئێران و عوسمانی لە راپەڕینەکەدا

6ـ دیپلۆماسیی چالاکانەی شێخ لە سەرەتای راپەڕینەکەوە لەگەڵ فەزای دیپلۆماتیکی بریتانیا . ئێران . عوسمانی

7ـ باسکردن لە مافی چارەنووسی کوردەکان لە ژێر ناوگەلێك وەك : "مافی هەڵبژاردن"، "ئیرادەی هەڵبژاردن و ..."

8. بە روونی ناوهێنانی کوردەکان وەك "نەتەوە"یەك

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

9ــ بە فەرمی نەناسینی سنووورە رێکەوتنییەکان لە نێوان ئێرانو عوسمانی کە کوردەکان دابەش دەکات بەسەر دوو سنووردا

10ــ باس کردن لە مافی نەتەوەی کورد بۆ دامەزرانی کیانێکی سەربەخۆی کوردی لە نامەیەکدا بۆ کۆنسولگەری بریتانیا

11ــ دڵەڕاوکێی قووڵی رووسیەو بریتانیاییەکان لە ئەگەر سەرکەوتنی بزاڤی شێخ عوبەیدوڵڵاو ئەگەری گۆڕانی سنوورەکان بۆ رەخساندنی دامەزرانی کیانێکی سەربەخۆی کورد.

12ــ بەردەوامیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردەکان سەرەڕای بەئاکام نەگەیشتنی راپەڕینی چەکدارانەو کاریگەریی دانان لەسەر بزووتنەوەکانی پاش خۆی کە رەنگە مێژوونووسەکانی بەو قەناعەتە گەیاندبێ کە راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، سەرەتای بزووتنەوەی نەتەوەخوازانەی کورد لە شێوازی مۆدێرنو نوێیدایە.

❊❊❊

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# راپەڕینی سمکۆ



سمایل ئاغای سمکۆ لە ساڵی 1875ی زایینی چاوی بەدنیا هەڵێناو پاش مەرگی باوکی، سەرۆکایەتی هۆزەکەی خۆی وەئەستۆ گرت. ئەو پاش شەڕی جیهانی یەکەم لە پێناو داکۆکی لە مافی کوردەکان هاتە نێو گۆڕپانی سیاسییەوەو هەتا پێش ئەو لە مێژوودا، هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسی نەبۆتە هۆی بەکردەوە بوونی بەشداری سیاسی لە گۆڕەپانەکاندا. هەرچەندە بە هۆی پێگەی بەهێزی خێڵەکیو کەسایەتییەکەی لە ساڵانی شەڕدا، لە لایەن رووسیەوە دەستبەسەر کراو و بۆ "تفلیس" دوور خرایەوە، بەڵام پاش ماوەیەك بە مەرجی دانیشتنی زۆرەکی لە شارستانی "خوی"دا، ئازاد کرا.

کردەکار: راپەڕینی سمکۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆکار: سمایل ئاغای سمکۆو هۆزی شکاك

گۆڕەپان:

ئەلف: کات (زمان): 1930 ـ 1919 (لە ماوەی 11 ساڵدا)

ب: شوێن: ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتو باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان

ئامراز: شەڕی چەکدارانە لە پاڵ دیپلۆماسی نێونەتەوەیی لە شێوازی نووسینو بەڵگەنامە لەگەڵ نوێنەرانی بریتانیا، رووسیەو ئێراندا.

ئامانج: ئازادیی کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتی کورد

سمکۆ پاش تەواوبوونی شەڕی جیهانی یەکەم وەك نیزامییەكو رێبەرێکی سیاسی، ناسراو و بە ئامانجی دامەزرانی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد لە ناوچەکەو لە ساڵی 1919دا، راپەڕینی خۆی دەست پێکردو بەشێکی سەرەکی لە ناوچەکانی رۆژهەڵای کوردستان (باکووری رۆژئاوای ئێران)ی ئازاد کرد بەڵام لە ساڵی 1921دا، ناچار بە پاشەکشە بوو و پەنای بردە بەر تورکیە.

لە ساڵی 1924دا بە راگەیاندنی "لێبووردنی گشتی" گەڕایەوە ئێرانو لە ساڵی 1926دا هەمدیس راپەڕینێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیـكەی وەڕێ خسـتەوە كە ئەمجارە دەستبەسـەر كـراو و بـۆ تـوركیە دوورخـــرایەو لەوێ كەوتە بەنـــدیخانەوە. ســـمكۆ پـــاش ئـــازادی، گەڕایەوە ئێـــرانو لە ئاكامـــدا لە ســـاڵی 1930 بە دارِشـــتنی پیلانێـك بە فەرمـانی رەزاخـان، شـەهید كـرا. راپەڕینـی شـكاك بە شـەهیدكرانی سـمكۆ، پـاش لە 11 سـاڵ چـالاكیی چەكـدارانەو سیاسی كۆتایی پێهات.

تایبەتمەندییەكانی
راپەڕینی سمكۆ:

1ـ راپەڕینـی سـمكۆ، راپەڕینێكـی نـاوچەیی بـووەو هـۆزی شكاك رۆڵی سەرەكییان لەو راپەڕینەدا هەبووە.

2ـ هـۆزی شـكاك لە دوو تیـرەی "عەبـدویی"و "ممـدەویی" پێـك هـــاتووە كە لە بـــاكووری گـــۆلی ورمـــێدا نیشـــتەجێ بـــوون (نیشتەجێن).

3ـ هۆكـاری بنەڕەتـی بیچمگرتنـی راپەڕینـی سـمكۆ، پیلانـی كـوژرانی "جافرئاغـــای شـــكاك" لە لایەن دەســـەڵاتداری نـــاوچەی مەهابادەوە بووە.

4ـــ ســـمكۆ لە تەواوی وتەكـــانی خۆیـــدا بـــاس لە "ئـــازادی كوردستان"و "دامەرزانی دەوڵەتی كورد" دەكات.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

5ــ ئەویش هەروەك شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، لە نامەکانی خۆیدا، بۆ کوردەکان لە وشەی "نەتەوە" کەڵك وەردەگریٚو لەگەڵ هێنانە بەرباسی نموونە، بە شێوەیەکی روون لە "ژێردەستەیی نەتەوەی کورد"و "مافی چارەنووس" بە واتای ئەمرۆیی، دەدوێت.

لە نامەی سمکۆ بۆ "ڤفر الدولە" فەرماندەی هێزەکانی ئازەربایجاندا هاتووە کە:

"بڕوانن، زۆربەی نەتەوە چوکەکانی جیهان لە رووی بەربڵاوی حەشیمەتیو جوغرافیاییەوە لە نەتەوەی کورد کەمترن، چۆن توانیان ئازادیی خۆیان لە بەرامبەر دەوڵەتی ئاڵماندا وەدەست بێننو سەربەخۆ ببن. ئەگەر نەتەوەی کوردیش نەتوانیٚ مافەکانی خۆی لە باڵادەست وەربگرێتەوە، "مەرگ" لە دیلییەتیو ژێردەستەییو کۆیلەتی باشترە. (1920)

سمکۆ هەروەها لە وەڵامی یەکێك لە پرسیارەکانی "ژێنراڵ مستەفا پاشا"، نوێنەری ناوچە کوردنشینەکانی ئیستانبۆڵدا دەڵیٚ: " لە رەوشی ئێستادا من رێبەریی راپەڕینی کوردەکانمو هێشتا تەشکیلاتێکی ئیداریو سیاسییەکی تایبەتیم نییە. گرینگترینو بنەماییترین ئامانجی ئێمە، ئازادی کوردستانەو کاتێك بە ئازادی گەیشتین، ئیدی زۆر گرینگ نیە کە کیٚ دەبێتە رێبەری کوردستان. من هیچکات بیرم لە رێبەری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمــــوو نەتەوەی کـــوردو دەســـەڵاتخوازی نەکـــردۆتەوە. لەمەڕ "ئـاڵا"ش کە پرسـیارت کـرد: " مـن لەو بـاوەڕەدام کە کوردسـتان ئـازاد بێـت دەتـوانین بیـر لە "ئـاڵا"ی کوردسـتانیش بکەیـنەوە کە وەك هێماو نیشانەی نەتەوەیی ئێمە دەبێت" (1920)

6. پێوەندییە دیپلۆماتیکییەکان:

ئـاڤریلی 1919، سـەید تەهـا، وەك نـوێنەر دەنێـرتە بەغـدا تـا لەگەڵ "ویلسـۆن" نـوێنەری بریتانیـا لە "بـین النهـرین" وتـوویژو دانوســـتان بکـــات. تەوەری ســـەرەکیی وتـــوویژەکە هەوڵ بـــۆ بەقەنـــاعەت گەیانـــدنی بریتانیاییەکـــان بـــۆ قبـــووڵکردنی ســـەربەخۆیی کوردســـتانو دامەزرانـــی دەوڵەتـــی ســـەربەخۆیی کوردییە.

ـــ ســـیپتامبری 1921 لە "شـــنۆ" لەگەڵ "کـــاکس"ی ئینگلیســـیدا، چاوپێکەوتنیـــك دەکـــات. ئەم چاوپێکەوتنـــانە بە شێوەیەکی کاتی بۆ ماوەی سێ ساڵ درێژە دەکێشێت.

ـ لە سـاڵی 1924 لە نامەیەکـدا بـۆ نـوێنەری ئینگلـیس لە "بین النهرین" دەنووسێ:

"مـنو سـەید تەهـا، بەڵێنیتـان پـێ‌دەدەین کە هەرکـات دەوڵەتـی بریتانیـا پشـتیوانیی لە ئـێمە بکـاتو مەرجەکـانی ئـێمە بـۆ دامەرزانـی دەوڵەتـی کـوردی قبـووڵ بکـات، ئـێمە تـورکە رەگەزپەرسـتەکان لە نـاوچە کوردنشـینەکاندا وەدەردەنێـین. ئـێمە

دەتوانین هەتا "ئانكارا"ش لە گەڵ دوژمنەكانماندا شەڕ بكەین، تەنانەت دەتوانین لە باشووریشدا هەتا "سنە" بەرەو پێش بڕۆین‌و ناوچە كوردنشینەكان لە دەسەڵاتی ئێران وەربگرینەوە".

ـ سمكۆ لە ساڵی 1922، نوێنەرێك دەنێرێتە لای رووسەكان، بەڵام یەكیەتیی سۆڤیەت بە هۆی پەیماننامەیەك لە رێكەوتی 26ی فوریەی 1922و هێوربوونەوەی پێوەندییەكانی یەكیەتیی سۆڤیەت لەگەڵ ئێراندا، داوای هاوكاری "سمكۆ" رەت دەكاتەوە.

ـ داوای هاوكاری لە "حەیدەر بەگ كورك" و چاوپێكەوتنی لە شەمزینان

7ـ هاوكاتبوونی راپەڕینی سمكۆ لەگەڵ راپەڕینی شێخ مەحموود لە باشووری كوردستان‌و سەردار رەشیدخان لە ناوچەی كرماشان كە بە پشتیوانیی ئینگلیسییەكان كەسێك كە سەرۆك كۆماری كوردستانی داهاتوو بوو.

8ـ پێشوازی لە شێخ مەحموود وەكوو "قارەمانێكی نەتەوەیی"و بە فەرمی ناسینی وەك رێبەری تەواوی كوردەكان

9ـ لەوانەیە چ لە گۆڕەپانی كردەوەداو چ لە مێژوونووسیدا، هیچ رێبەرێكی كورد وەك سمكۆ دەست نەكەوێ كە ئەوەندە كەوتبێتە بەر رقی هێزی باڵادەستەوە.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سمکۆ لە یەکێك لە داواکارییەکانی خۆی لە ژێر ناوی "وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت" دا دەڵێ:

" من رێزێکی زۆرم بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت کە پشتێنی هیمەتیی بۆ ئازادیی نەتەوەکانی جیهان بەستووە، هەیە. ئەگەر لە جیهاندا نەتەوەیەکی بەشەرفو خاوەن پرەنسیپ هەبێ کە تا ئێستا بە ئازادیو سەربەخۆی خۆی نەگەیشتووە، نەتەوەی کوردە کە لە لایەن دراوسێ باکوورییەکانی خۆیەوە پشتیوانیی لێناکرێو منیش هەروەها ئەندامێکی چووکەی ئەو نەتەوەیەم. من لە پێناو ئازادی نەتەوەی کورددا، ئامادەی هەر چەشنە هاوکارییەکم. (راپۆرتی چیچرێن بۆ وەزارەتی دەرەوەی رووسیە 1922)".

بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا:

سمکۆو هەڵوێستی بریتانیا لەبەرامبەر راپەڕینەکەی ئەودا

بەڵگەنامەی ژمارە (371)، (6347)و (2262) لە رێکەوتی 20ی ژولای 1921، نامەی نهێنی ئەفسەرێکی بریتانیاییە لە "رانیە":

"ئاماژە بە نامەی "سمکۆ" بۆ "بابەکرئاغای پشدەر"، رای من لەمەڕ ئەو نامەیە بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"سمکۆ" کە لە سالانی تەمەنی خۆیدا، تێکڕووخانی چەند دەوڵەتو حکوومەتی بە چاوی خۆی بینیوە، بە پێی ئەوەی کە حکوومەتی ئێستا، ڕەوشێکی جیاوازی هەیەو پێگەی ڕاستەقینەی خۆی نەناسیوە. ئەو حەز بە لەدەستدانی دەسەڵاتی ئێستا نیە. کەوابوو پێویستی بە پشتیوانێکی دەرەکی هەیە... لەمەڕ ناوچەکانی باکووریشەوە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ "سمکۆ"دا کاریگەرترین بەرژەوەندی دەبێت... دروست یان هەڵە بێت .. "سمکۆ" ئێستا ناوبەدەرەوەیەو لەو وەکوو سەردارێکی گەورە ناودەبردرێت... بەڕای من دەتوانین بە یارمەتیدان بە "سمکۆ" زۆر لە هەڵوێستەکان بەردەممان بەرەو پێش ببەین.

.Fo371/ 6347/2262, 20 July 1921

لە هەمان بەڵگەنامەدا (س/63/ڕێکەوتی 1921/7/20)، نامەی سمکۆ بۆ "بابەکر ئاغا"ی سلێمانی نووسراوە کە "مەلا سلێمان"چەپەر(نامەرسان)ی ئەو بووە و دەقی نامەکە بەم شێوەیەکی خوارەوە بووە:

"هیچ حکوومەتێکی دیکە جیا لە بریتانیا ناتوانێ توانایی ئیدارەی ناوچەکەی هەبێ. بلشویکەکان دوای پێشڕەوییەکاتییەکانی خۆیان، ڕاوەستانو ناچار بە گەڕانەوە بوون. ئێرانیش ناتوانین وەك دەوڵەتێکی دەسەڵاتدار بژمێرین. مستەفا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەماڵو سوپاکانی لە بیست هەزار کەس تێناپەڕێو پڕوپاگەندەکانی لە هێرش بۆ سەر ناوچەکە بە دوو مەبەستەوە پێك دێ: یەکەم کاریگەرییەکی خراپ لەسەر یەکگرتوویی خێڵەکان و دووهەم، کۆکردنەوەی دراوو باج ... هێزە چەکدارەکانی تورك کە هاتوونەتە "کانی رەش"، ئامانجێکی جیا لە ترس خستنەدڵی خێڵەکانی ناوچەکەیان نیە ... من دەزانم بە "فێلبازی" تاوانبار کراوم، بەمەوە هێشتا کەس ئامادەی وەرگرتنی قسەکانی من لە بەرگری لە خۆیدا نەبووە. نە هەوڵەکانو شەڕە پێشووەکانی من لە دوژمنی لەگەڵ بریتانیا دا نەبووە، بە پێچەوانەوە هەوڵم داوە پێوەندییەکی باشم لەگەڵ حکوومەتی بریتانیادا هەبێ. کەوابوو لە ئێوە "بابەکر ئاغا" داواکارم کە لە نزیکی پێوەندییەکانی بریتانیادا هاوکاریی پێویست بفەرموون ... من دەتوانم بۆ وتوویژ لەگەڵ نوێنەری حکوومەت دا، بێمە "شنۆ".. دڵنیام کە زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوان هەردوو لایەندا هەیە...

لە یادداشتێکی دیکەدا ژمارە (ج/61رێکەوتی 1921/7/29) کە لە لایەن ئەفسەری بریتانیاوە بۆ نوێنەری "سامی" نێردراوە دەخوێنینەوە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"بە هەڵسەنگاندنی جێگری ئەفسەری سیاسی لە رانیە "کاپیتان کوک" جێگای پەسەندمە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی ئێوەش بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە رادەکێشم:

1ــ نەخشەی ناوچەی ژێردەسەلاتی سمکۆ لە ناوچە کوردنشینەکاندا، مەودای نێوان ئێرانو تورکیە بەم شێوەی خوارەوەیە:

"هێڵێکی درێژ لە "بیرەکەپرە" لە درێژایی زێی گەورەو لەوێڕا بەرەو لای دیلمان (سەڵماس) هەتا "خوی". لە "خوی" بەرەو لای باشوور هەتا کەنارەکانی گۆلی ورمێو لەوێڕا هەتا "سۆلدوز"و "بانە" جیا لە سنەو مەهاباد ... بێگومان، پشتیوانییە مەعنەوییەکانی بریتانیا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوبراو، چوارچێوەی دەسەلاتی خۆی هەتا شارۆچکەی "دزا" ]!!!وەرگێڕ[ لە رۆژئاوای ئێراندا بەربڵاو بکات ...

2ـ سەید تەها رەنگە لە وەڵامی دواکارییەکانی "سمکۆ"دا، لەگەڵ بریتانیادا بکەوێتە وتوێژەوە.

3ـ پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ "سمکۆی بەهێز"دا، هەڕەشە بۆ سەر سنوورەکانی ئێمە پووچەڵ دەبێتەوە.

4ــ لەمەڕ ئێرانیش دەتوانم بڵێم کە ئەم دەوڵەتە بە هۆی لەدەستدانی زەوییەکانی کە بە کردەوە چاودێری بەسەردا نەماوە، دڵگران نابێت...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

5ـ لەمەڕ "سمكۆ"ش دەتوانین بڵێین كە كەسێكی بەهێزو بەرزنەفسەو كەواتە نابێ بەتەواوی متمانەی پێبكرێت ... ئەو ئەگەرچی ئێرانییەكانی شكست داوە، بەڵام باش دەزانێ كە پشتبەستن لە خێڵەكان وەك تەنیا پشتیوانێك، كارێكی دروست نیەو هەوڵ دەدا لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیادا بكەوێتە وتوویژەوە...

لە روانگەی منەوە، پشیتوانیی مەعنەوی لە ناوبراوەوە، لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی ئەوەی كە لەبەرامبەر تەواوی مەرجەكان دا ملكەچ بین...

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شێخ مەحموود بەرزنجی



راپەڕینی شێخ مەحموودی بەرزنجی لە مێژووی سیاسیی نەتەوەی کورددا هەر وەك راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵاو سمکۆ خاوەنی تایبەتمەندییە دەگمەنو پێکهاتەی سیاسی تایبەتە کە جیا لە جیاکردنەوەی خۆی لە راپەڕینەکانی دیکە، میراتێکی پڕبایەخی بۆ "بزاڤی نەتەوەیی کورد" بەجێ هێشتووە:

کردەکار: راپەڕینی شێخ مەحموود بەرزنجی و دامەزرانی حکوومەتی کوردستان

هۆکار: شێخ مەحموود بەرزنجی (حەفید)

گۆڕەپان :

الف: زەمان: 1919 ـ 1934

ب: شوێن: باشووری کوردستان (هەرێمی ئێستای کوردستان لە عێراقو ناوچەی سلێمانییە)

کورتەیەك لە ژیانی سیاسی شێخ مەحموود بەرزنجی :

بەدوای شەڕی جیهانیی یەکەم شێخ مەحموود یەکێك لە کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو لە هەمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتـــدا، هێمـــای نەتەوەیـــی کوردەکـــان لە خەبـــات دژی گەورەتـــرین دەوڵەتـــی کلۆنیـــالیزمی جیهـــان بـــووە. شـــێخە مەحمـــوود کە جیـــا لە بەرەورِووبـــــوونەوەی راســــــتەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتـــــی بریتانیـــــا، لە دەورانـــی دەستبەســـەر کـــردنو دوورخســـتنەوە بە زۆرەملێیـــانەش هـــیچ کـــات لە ئامـــانجە "نەتەوەخـــوازانە"کـــانی خـــۆی پاشەکشـــەی نەکـــردو بەردەوام پێـــداگری لەســـەر جێبەجێ‌کردنـــی هزرەکـــانی خـــۆی دەکـــرد. لە یەکێـــك لە نامەکـــانی خـــۆی بـــۆ "رەشـــید زەکـــی" بەرپرســـی شـــاندی نـــوێنەرایەتیی کوردســـتانی باشـــوور بـــۆ کۆنســـولی حکـــوومەتی بریتانیـــا بە "بەیـــرووت" لە رێکەوتـــی 2ی ژولای 1919 گرینگتـــرین داخوازییەکـــانی بە شـــێوەی خـــوارەوە گەڵاڵە دەکات :

1ـــــ ســـــەربەخۆیی تەواو بـــــێ‌ئەملاو ئەولای حکـــــووومەتی کوردســـــتان لە ژێـــر دەســـەڵاتی شـــێخ مەحمـــوود بە ناونـــدێتی سلێمانی .

2ـــ دابینکردنـــی ئاســـانکاری بـــۆ پێکهێنـــانی دیپلۆمـــاتیکی نێوان حکوومەتی کوردستانو دەوڵەتی فەرِانسە.

3ـــ کۆتـــایی هێنـــان بە دەســـەڵات بەســـەر کوردەکـــان لە لایەن بریتانیاوە بە هەوڵو پشتیوانی دەوڵەتی فەرِانسە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

4ـ دابینکردنی بژێوی ژیان بۆ دانیشتوانی سلێمانی کە بە هۆی گەمارۆی ئەرتەشی بریتانیاوە تووشی قەیرانێکی جیددی بوون .

5ـــ هەوڵدان بۆ سەقامگیری تەناهییو ئازادی لە کوردستاندا

6ـــ ئاگاداركردنەوەی شاندە ئەمریكاییەكان لە ڕەوشی کوردستان

7ـــ داخوازی پشتیوانییەکی تەواو عەیار لە دەوڵەتی فەڕانسە .

لە یەکێکی دیکە لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە کە :

..."حکوومەتی کوردستان لە سلێمانیدا پێکهاتووەو بریتییە لەم ناوچەگەلەی خوارەوە :

"لە "ماردین"ەوە هەتا "سنە" لەوێڕا بەرەو باکوور هەتا "ورمێ"و باش قەڵا کێشراوە. خەڵکانی نشتەجێی کەرکووکیش شێخ مەحموود بەرزنجی وەکوو پاشای خۆیان قبووڵ کردووە ".

گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ڕاپەڕینی شێخ مەحموود بەرزنجی :

1. هێمای ئایینی ـ نەتەوەیی ڕاپەڕین
2. دامەزرانی حکوومەتی کوردستان لە ماوەیەکی کاتیدا
3. بەرگرییەکی بەرفراوان لەبەرامبەر بریتانیادا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

4. سەرانسەری بوونو بەشدارییەکی زۆرینە لە راپەڕینەکەدا

5ـ پێوەندییەکی بەهێزو چالاکانە لە نێوان رێبەرانی نەتەوەیی کورد لە ئێرانو تورکیە (سمکۆو جەلادەت بەدرخان)

6ـ ناساندنی لە لایەن رێبەرانی کوردەوە وەکوو پاشای کوردستان

7ـ لاوازی دیپلۆماتیکی لە پێوەندییو دانوستانە سیاسییەکان لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیاو نوێنەری سامی بریتانیا لە بەغداد دا .

8ـ هۆندنەوەی شێعری سروودی "ئەی رەقیب" لە لایەن "دڵدار"، شاعیری مەزنی کورد لە سەردەمی شێخ مەحموود دژی کلۆنیالیزمی بریتانیا کە دواتر وەکوو سروودی نەتەوایەتی ناسرا .

9ـ هەوڵی شێخ مەحموود بۆ سەقامگیری دەسەڵات بەسەر تەواوی کوردستاندا بە بێ رەچاوکردنی سنووره جوغرافیاییە دیاریکراوەکان لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیییەوە .

10ـ هەڵکەوتنی راپەڕینی شێخ مەحموود لە مەودایەکی زەمانیدا کە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی، ناسەقامگیریو نەبوونی هاوسەنگی سیاسی بە هۆی خیشمەخێشی سیاسی لە ناوچەکەداو هەروەها رێژیمێك لە لایەن زلهێزە رۆژئاواییەکانەوە لە ناوچەکەدا بوو .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

11ــ تێکهەڵچوونی نیزامی راستەوخۆ لەگەڵ ئەرتەشی بریتانیا لە کوردستانداو بۆمبارانکردنی هەوایی سلێمانی لە دوو کاتدا :

شرۆڤە: شێخ مەحموود بەرزنجی بە دامەزرانی حکومەتی کوردستانو دانی مۆدیلێکی لە پێکهاتەی سیاسی . ئیداری لە سلیمانیدا، ئامانجی خۆی لە راپەڕین بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی سەربەخۆیی کوردیو جیا لە سیاسەتەکانی بریتانیا بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین کە لە ناوچە کوردنشینەکان لە داهاتوودا بە نێو "عێراق"پێچاویەتەوە. شێخ مەحموود لە سەردەمی خەباتو پێکهێنانی حکوومەتی کوردستان، هیچکات سەری بۆ سیاسەتەکانی نوێنەرانی سامی بریتانیا لە بەغداد دا، دانەنواندو بە هۆی لاوازی بەرچاو لە دیپلۆماسی سیاسیدا، بە هۆی زەقکردنەوەی کێشەی ئایین لە بەرامبەر نوێنەرانی بریتانیاو هەوڵ لە پێناو نواندنی هێندك دروشمی ئایینی بە کردەوە دەسەڵاتی "شێخ"یان بە بێهیواو لە ئاکامدا بە دەستنیشانکردنی "مەلەك فەیسەڵ" و فۆرماسیۆنی پۆلێنبەندی سیاسی تێکەڵاو لە عەرەبی شێعە، عەرەبی سوننیو کوردەکان ملکەچ کرد .

"میجر ویلسۆن" نوینەری سامی بریتانیا لە بەغداد دا، لە راپۆرتی خۆی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە لێهاتوویی شێخ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەحموود بۆ حکوومەتی داهاتووی عێراق باس دەکات، بەڵام دەڵێ: "بە هۆی دەمارگرژی زۆری مەزهەبیو هێندێك هۆکاری دیکە، ناتوانین بڕوای پێبکەین ". (FO371/5124/Baghdad1921)

سێ بەڵگەنامە لە وەزارەتی دەرەوەی فەڕانسە

لەمەڕ شێخ مەحموودو حکوومەتی کوردستان

لە بەشێك لە بەڵگەنامەی یەکەمدا کە لە ڕێکەوتی 18ی ئاگۆستی 1919 بۆ کولنل کرۆس، ئەفسەری تایبەتی پێوەندییەکانی حکوومەتی فەڕانسە لە دێمشق لە لایەن شاندی کوردستان بە نوێنەرایەتی سەید ئەحمەد نووسراوە، هاتووە کە:" ... من دووپات دەکەمەوە کە ڕاپەڕینە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا بەم هۆیانەی خوارەوە بووە :

الف ـ گوشاری زۆرو ستەمی نەتەوایەتی دژ بە کوردەکان

ب ـ دەستێوەرانی بەردەوامو هەمیشەیی هێزەکانی بریتانیا لە کاروباری نێوخۆیی کوردستاندا

ج ـ نەمانی تاقەتی جەماوەری خەڵکیو دەستپێکی خەباتی چەکدارانە دژ بە دەوڵەتی بریتانیا

2ـــ لە بەڵگەنامەی دووهەمیشدا کە لە ڕێکەوتی 1934/3/10 بە ژمارەی 55 لە لایەن فەرماندەی گشتیی هێزەکانی فەڕانسە لە ناوچەکەدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەڕانسـە، هـاتووە کە لە کۆتاییـدا ئامـاژە بەم مـژارە کـراوە کە: "... شـێخ بە هەمـوو توانـایەوە خولیـای بەدەسـتهێنانی خودموختـاری بـۆ نەتەوەی کـوردە کە ئەگەرچـی لەگەڵ بـارووخی ئێسـتادا ، بەدەسـتهێنانی وەهـا ئامانجێك بەم زووییـانە ناگونجێت."

3ـــ لە بەڵگەنـامەی سـێهەمدا کە لە ڕێکەوتـی 10ی ژوئەنـی 1923 بە ژمـارەی 22 لە ژێرنـاوی "نـاڕەزایەتیی کوردسـتانی ئێـران دژ بە سیاسـەتی دەوڵەتـی بریتانیـا"دا تۆمـار کـراوە بـۆ سـەرۆك وەزیرانـی ئێـران (سـەرئاوەڵا بـۆ نـوێنەرانی ئەمریکـا، تـورکیە، ئیتالیـا، رووسـیەو فەڕانسـە) هـاتووە کە "... بە نـاوی مرۆڤـایەتیەوە لە هێـزە بێلایەنەکـان داواکـارین کە بە نـاردنی شـاندەکانی خوازیـاری راسـتییەکانو بینینـی کاولکارییەکـانی سـلێمانی لەلایەن ئینگلیسـییەکانەوە بەڕێـوە چـووە، بەم خێشمەخێشـانە کۆتـایی بێـنن. ئەم نـامەیە لە لایەن زۆربەی گەورەپیاوانی کورد لە ئێراندا واژۆ کراوە .

سەرچاوەکان بۆ خوێندنەوەی زیاتر :

-1کردسـتان و کـرد در اسـناد محرمـانه بربتانیـا، "ولیـد حمدی" ،ترجمه بهزاد خوشحالی، همدان، 137٨

- 2شیخ مەحمـوودی حەفیـد زادە لە بەڵـگە نـامە کـانی فرانسی دا، دکتور نەجاتی عەبدوڵڵا، سلێمانی 2006

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

3- حکـومەتی کوردسـتان لە نـاو مەتەڵـی سیاسـی بریتانیادا، مەحموود مەلا عیززەت، سلێمانی 2006

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شێخ سەعید پیران



لە مانگی فورییەی 1925دا، راپەڕینی شێخ سەعید پیران دەستی پێکرد. شێخ سەعید یەکێك لە پیاوانی گەورەی ئایینیو خەڵکی ناوچەی "گەنج" بوو. بە دوای بەدەسەڵات گەیشتنی "مستەفاکەماڵ" لە تورکیەو نەمانی خەلافەتی ئیسلامی، شێخ سەعید لە دژایەتی لەگەڵ "لائیتیسم"و بە ئامانجی بەرگری لە داهاتووی ئیسلام، دژ بە حکومەتی نوێی تورکیە راپەڕی.

کردەکار: راپەڕینی شێخ سەعید پیران

هۆکار: کوردەکانی باکوری کوردستان (تورکیە) بە رێبەری شێخ سەعید پیران

گۆڕەپان:

ئەلف: کات: 1925

ب: باشووری رۆژهەڵاتی تورکیەو زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتە

ئامراز: راپەرینی چەکدارانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامانج: 1ـ پشتیوانیی لە رەسەنایەتی نەتەوەی کورد 2ـ دژایەتی لەگەڵ "لائیتسە"ی حکوومەتی نوێی تورکیە 3ـ پشتیوانیی کردن لە ئیسلام

تایبەتمەندییەکانی شۆڕش: ئەم راپەڕینە لە فورییەی 1925 دەستی پێکرد. لە ماوەیەکی کورت دا ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیەی گرتەوە. بە دوای بەربڵاوبوونی راپەڕینەکەو پێکهاتنی دووبەرەکی نێوان لێژنەی وەزیرانی تورکیە، مستەفا کەماڵ ناچاربوو کە "عیسمەت پاشای ئینۆنوو" وەزیری ئیسلامگەرای وەلاناو سەر لە نوێ کابینەی دەوڵەتی خۆی بانگهێشت کرد. مەبەست لە بانگهێشت کردنی "ئینۆنوو" بۆ ئانکاراو باسو وتوویژ لەمەڕ راپەڕینی شێخ سەعید و دەرەتانی هەوڵدان بۆ سەرکوتی راپەڕینەکە برەخسێنی.

سەفارەتی بریتانیا لە تورکیەدا لە راپۆرتەکەی خۆی بە بەڵگەهێنانەوە لە سەرچاوە هەواڵدەرییەکانی تورکیە دەڵێ: نیشانەگەلێك هەیە دەرخەری ئەوەیە کە راپەڕینی شێخ سەعید بەشێکی بەربڵاوی لە تورکیەی گرتۆتەوەو بەشێکی زۆر لە هێزەکانی تورکیە نێردراونەتە ئەو ناوچەیە بۆ سەرکوت کردنی راپەڕینەکە".

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرچاوە فەرمییەکانی تورکیە ڕایانگەیاندووە کە شێخ سەعید پیران، سیاسەتی نوێی بریتانیا بۆ هەڕەشەی کوردەکان دژ بە حکومەتی نوێی تورکیەیە کە بە پشتیوانیی بریتانیا دەستی پێکردووەو هەستە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانیان لە پلەی دووهەمدایە.

لە یەکێك لە ڕاپۆرتەکانی دەوڵەتی بریتانیا دا بە ئاماژە بە کابینەکە هاتووە کە: ئەندامانی کابینەکە بە هۆی ئەوەی کە زۆربەیان خاوەن باوەڕە مەزهەبییەکان نین، ئەنگیزەو خولیایەکی زۆریان بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینی شێخ سەعید هەبوو و لەم ڕوویەشەوە جیاوازی بیروڕا زۆرە.

دەوڵەتی بریتانیا لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا گرینگترین هۆکارەکانی بیچمگرتنی ڕاپەڕینی شێخ سەعید بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات:

1. ڕاپەڕینەکە ڕێبازێکی نەتەوەیی ـ مەزهەبی هەیە.
2. ئیدارە دەوڵەتییەکان گەندەڵن.
3. کاروباری خەڵکی جێبەجێ ناکرێ.
4. هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکانی خۆجێی زۆر نالەبارە.
5. نارەزایەتیی خەڵکی گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی.

6ـ خەڵکی لە پەسندکردنی یاسای "خیانەت" بە تەواوی ڕق ئەستوورن. (یاسای "خیانەت" کە بە دوای بە دەسەلات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەیشتنی مستەفا کەماڵ پەسند کرا، کە سزا قورسەکان بۆ کەسانێك دەبڕایەوە کە دینو سیاسەتیان پێکەوە تێکەڵاو کردبایە).

7ـ قوتابخانە دینییەکان بەرەو سنووردار کردنو بێئیمکاناتی بەرەوڕوو بوون.

8ـ ڕێبەرە ئاینییەکان لە لایەن دەوڵەتەوە دەکەوتنە بەر بێڕێزییەوە.

لە ئاکامدا لە ڕێکەوتی رۆژی 16ی ئاوریلی 1925، هێزەکانی تورکیە ، راپەڕینی شێخ سەعید سەرکوتو ئەو و چەند کەسێك لە ڕێبەرانی شۆڕشەکە دەستبەسەر کران. ڕێبەران لە دادگای نیزامی دیاربەکردا دادگاییو بە ئێعدام مەحکووم کران. لە راپۆرتی کۆنسولگەری بریتانیادا هاتووە کە لەگەڵ سەرکوتی راپەڕینی شێخ سەعید ، دژوارترین قەیرانی تورکیە بە داوی هاتنە سەرکاری مستەفا کەماڵ کۆتایی پێهات.

حوکمی لە سێدارەدانی شێخ سەعید پیرانو 40 کەس لە هاوڕێیانیلە ڕێکەوتی 28ی ئاوریلی 1925بە دوای دادگایی کردنێکی رواڵەتیو بێ بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەکەوە، بڵاو نەکرایەوەو هەروەها بڕیاری داخستنی تەواوی تەکیەکانی رۆژهەڵاتی تورکیە راگەیاندرا. بەڵام لە بەڵگەنامەی ژمارە 1867ی "مستر هارس" بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"مستر ئوستر چمبێرلین" لە ژولای 1925 لەگەڵ ئاماژەدان بە دادگایی شێخ سەعید، بە بەشێك لە وتەكانی سەرۆكی دادگا ئاماژە دەكات كە تێیدا، سەرۆكی دادگا، ئامانجی شێخ سەعیدی بەڕوونی لە "دامەزرانی حكوومەتێكی سەربەخۆی كوردستان" دەردەبڕێ.

لەم بەڵگەنامەیەدا كە لە زمانی سەرۆكی دادگاوە هاتووە:

"... زۆربەی ئێوە بە هۆی بەرژەوەندیی تاكەكەسیو زۆربەشتان بە هۆی بەستراوەیی بە دوژمنانو تەماحی سیاسی لەم راپەڕینەدا بەشداریتان كردوە، بەڵام هەمووتان ئامانجێكتان هەیە و ئەوەش دامەزرانی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردستانە. راپەڕینەكەی ئێوە ئاكامی چەند ساڵ ئاگرتێبەردانی ناوچەكە بوو، بەڵام لەم دواییانەدا، ئەرتەشی توركیە بوو كە راپەڕینەكەی بە باشترین شێوە كۆنترۆڵ كرد. حكوومەتی توركیە تەحەمولی هیچ چەشنە چالاكییەكی سیاسییو نیزامی دژ بە خۆی ناكات ..."

راپەڕینی شێخ سەعیدیش هەر وەكوو زۆربەی شۆڕشەكانی دیكەی مێژووی نەتەوەی كورد، ئەگەرچی بە نێوەرۆكێكی ئایینی دەستی پێكرد، بەڵام لە درێژەدا ، سیمایەكی نەتەوەیی ـ مەزهەبی بە خۆوە گرتو لە ئاكامدا بۆ رزگاربوونی لە دەستی باڵادەست، خۆی بە سمیایەكی نەتەوەیی گۆڕی.


كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرچاوەکان:

1 - کردستان و کرد در اسناد محرمانه بریتانیا؛ ولید حمدی؛ ترجمه بهزاد خوشحالی، 1378، همدان، نورالعلم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مەلا مستەفا بارزانی



لەخۆڕا نیە کە ئەگەر کەڵەپیاوێك هەر لە "منداڵدانی" دایکێکی خەباتکاری کوردەوە، لەدایك بێتو "سروودی خواکان"، "هاواری ئازادی"، "رزگاری"و "رزگاریدەر" بێت. پیاوێك کە لە "دیلیەتی"دا چاوی بەدنیا هەڵێنا، بەڵام ئازادانە ژیانی بردەسەر. ئازایانە خەباتی کردو لە ئاکامدا میراتێکی پڕ بایەخی خەبات دژی ستەمی باڵادەستی بۆ رۆڵەکانی بەجیٚهێشت. پاش سەدەیەك خەبات، بەشێك لە کوردستان وەکوو "ناوچەیەکی فیدراڵ" بە جیهانی ئەورۆکە بناسێنیٚ. مەلامستەفای بارزانی بە وتەی "هەژار"، "هێمای خەباتو بەرگری بۆ گەیشتن بە ئازادی"و بە وتەی "پێشەوا قازی محەمەد"، "سیٚمبۆلی شەرافەت، بوێری، جوامێری، لیٚهاتوویی و ئازادیخوازی" بوو. بێگومان مەلا مستەفاو ئەخلاقی ئەو لە روانگەی "پێداگریی لەسەر بەردەوامی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەبات" لە دەورانێکی نزیك بە سەد ساڵ یەکێك لە کەڵەپیاوانی مێژووی کورد بە ئەژمار دێت.

کردەکار: مەلا مستەفا بارزانی

هۆکار: مەلا مستەفا بارزانی، عەشیرەتی بارزانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق

گۆڕەپان:

الف: زەمان: لە سەرتای سەدەی بیستەمەوە هەتا ئێستا

ب: شوێن: باشووری کوردستانو "بیاڤی کۆماری کوردستان"

ئامراز: راپەڕینی چەکدارانە، راپەڕینی جەماوەریو دیپلۆماسی سیاسی

ئامانج: دامەزرانی کیانێکی سەربەخۆی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکانی رۆژهەلاتی ناڤیندا

مێژوو: ناوچەی بارزان لە باکووری کوردستاندا هەڵکەوتووە کە لە باکووری ناوچەی فیدراڵی کوردستاندایە، شوێنی ژیانی هۆزی بارزان لە مێژوودا بووە. گەورە پیاوانو پێشەواکانی بارزان، لە شێخە گەورەکانی ئایینیو دیندارانی باشووری کوردستانو لە گەورە پیاوانی ئیسلام لە ناوچەکەدا بوون. لەم روویەوە پێگەی ئایینیی گەورەپیاوانی بارزان، هێزی سیاسی - مەزهەبی کاریگەرییان هەمیشە هەبووەو یەکێك لە هۆکارەکانی راپەڕینی سیاسی لە مێژووی ئەم هۆزەدا بووە. ناوچەی بارزان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە "هەرێمی فیدراڵی کوردستان" لە ناوچەگەلێکە کە لە سەرەتای دامەزرانی حکوومەتی عێراقەوە هەتا زاڵبوونی کۆلۆنیالیزمی بریتانیاو لە ئاکامدا بەستەبەندی سیاسیی تێکەڵاو لە کورد، عەرەبی سوننیو عەرەبی شیعە بە ناوی عێراق، بۆ گەیشتن بە کیانێکی سەربەخۆی کورد هەرگیز رانەوەستاو لە دەورانە جیاوازەکانی حکوومەتەکانی عێراقدا، لانیکەم شەش جار بە تەواوی کاول کراو ئاگری تێبەردرا.

مەلا مستەفای بارزانی هەر وەکوو پێشەوا ئایینیەکانی دیکەی بارازان، شێخ عەبدوسەلام بارزانو ... لە ساڵانی پێش لە دامەزرانی تا راگەیاندنی حکوومەتی عێراق، دەورانێکی پڕ لە هەورازو نشێوی بۆ گەیشتن بە ئازادی پێواوە. خەباتی عەشیرەیی دژ بە داگیرکەریی بریتانیا، بەردەوامی خەبات دوای دامەزرانی حکوومەتی عێراق، بەشداری بەرچاوی لە "کۆماری کوردستان" بە رێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، تێپەڕکردنی دەورەیەکی دوورخراوەیی کورت ماوە لە یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو، گەڕانەوە بۆ عێراقو بەردەوامی خەباتی چەکدارانەو سیاسی لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق، پەیمانی ئەلجەزایرو تێکچوونی کاتیی هاوسەنگی نیزامی تا 1979، مەرگ لە تاراوگەو ... لە ئاکامدا راپەڕینی گەورەی 1991ی کوردستان دوای هێرشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێــزە هاوپەیمانەکــان بــۆ عێــراق لە لایەن کــوڕەکەی "مەســعود بــارزانی" تــا راگەیانــدنی فیــدراڵیزم بــۆ عێــراق لە 2005دا، نیشــانەگەلێکی جێگــای ســەرنجی زۆرن بــۆ دەرخســتنی ئەم دەورانە پڕ لە هەورازو نشیوە. حکـومەتی کوردسـتانی ئێسـتا بە ســەرۆکایەتی "مەســعود بــارزانی" ، کــوڕی مەلامســتەفا بــارزانی هــاتۆتە بەر و هەنــووکەش بە تێــپەڕ کردنــی دەورانــی تێپەڕبوون بەرەو داهاتووە.

تایبەتمەندییەکانی راپەڕین:

1. پێگەیەکی بەهێزی ئایینی لە نێوان هۆزی بارزاندا

2ــــ هاوپێوەنــدی جەمــاوەری ئــایینیو خێڵەکــی لای بارزانییەکان

3. دەسەڵاتی نەریتی ـ کاریزمایی مەلا مستەفا بارزانی

4ــ تایبەتمەنــدیی جوغرافیــایی نــاوچەی بــارزانو نەبــوونی کەڵــك وەرگرتنــی نیزامــی تەواوی حکــوومەتی کــاتی عێــراق لە سەرکوتی راپەڕینەکە.

5ــ بــاوەڕی تەواوی مەلامســتەفا بــارزانی لە تێکچڕژاویــی مەســەلەی کــورد لە بــاکووری رۆژهەڵاتو باشــوور بە هــۆی بوونی سنوورە سیاسییەکان.

6ــ چــوونە نێــو بیــاقی "کۆمــاری کوردســتان" لە ســاڵی 1946 بــۆ پشــتیوانیی کــردن لە کۆمــاری کوردســتان بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەرایەتـی پێشـەوا قـازی محەمـمەدو هەڵبژاردنـی وەکـوو یەکێـك لە چوار ژێنرِاڵی ئەرتەشی کۆماری کوردستان.

7ـــ بەرگـــری چەکـــدارانە لە بەرامـــبەر هێزەکـــانی ئێـــران لە سەردەمی کۆماردا.

8ـ تەسـلیم نەبـوون لە بەرامـبەر هێزەکـانی ئەرتەشـی ئێرانـداو گەیشـــتن بە ســـنوورەکانی یەکیەتیـــی ســـۆڤیەت لە تەنیشـــتی پیشـمەرگەکانی بـارزانی لە درێژەی سنوورەکانی ئێـران ـ عێـراق ـ تورکیە پاش رووخانی کۆماری کوردستان.

9ـــ دامەزرانـــی حیزبـــی دێمـــوکراتی کوردســـتانی عێـــراقو ڕێکخستنی نوێی سیاسی ـ نیزامی.

10ـــ بەردەوامـــی خەبـــاتو لە هەمـــان کاتـــدا دیپلۆماســـییەکی چالاکـــانە لە کۆتاییەکـــانی دەیەی 50ی زایینـــیو تـــا کۆتـــایی دەیەی 70ی زایینی.

11ـــ پێکهێنـــانی نـــاوچەی نیـــوە خودموختـــار لە باشـــووری کوردستان لەم دەورانەدا.

12ـــ خەبـــاتی سیاســـی لە پـــاڵ خەبـــاتی نیزامـــی لەگەڵ دەوڵەتە کاتییەکانی عێراقدا.

13ـــ دیپلۆماســـییەکی چـــالاکی نێـــونەتەوەییو لە ســـەرووی هەمـــوانەوە، کەڵـك وەرگـرتن لە لێڵیـی پێوەنـدییەکانی ئێـرانو عێـراق بۆ باشترکردنی پێگەو هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

14ــــ بەردەوامـــــی خەبـــات لە دەورانێکـــی درێژخـــایەن لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا.

15ــ ڕاگەیانـدنو پەسـندکردنی یاسـای حکـوومەتی فیـدراڵی کوردسـتان لە گەڵ "یەکیەتیـــی نیشـــتمانی کوردســـتان" دوای 1991و لە درێـژەدا یاسـای بنەڕەتـی عێـراق لە سـاڵی 2005 بۆ وەرگرتنی فیدراڵیزم لە عێراقدا.

16ــــ نەتەوەخـــوازی لە دەورانـــی پـــڕ لە هەورازو نشـــێوی بەرگریدا.

مەلامســـتەفا بـــارزانی دوای رووخـــانی کۆمـــاری کوردســـتان، هێزەکـانی خـۆی لە مەهابـادەوە تـا لێـواری چـۆمی "ئەرەس" لە درێـژەی سـنوورەکاندا بەرەو یەکیەتیـی سـۆڤییەتی پێشـوو بـردو بەناچـار قبـووڵ کردنـی دوورخراوەییەکـی زۆرەملێیـانەی نزیـك بە 10 ســـاڵ لەو وڵاتە بـــوو. مـــریەم فیـــرووز (فەرمـــانبەر)، هاوســـەری نـــورەدین کیـــانووری، ســـکرتێری گشـــتی حیزبـــی تـوودەی ئێـران، لە یەکێك لە وتووێژەکـانی خۆیـدا دەڵـێ:" لە نێـوان تەواوی رێبەرانـــی دوورخـــراوەی جیهـــان کە لە مســـکۆ دەورانـــی ژیـــانی دوورخراوەیـــی خۆیـــان بـــردە ســـەر، تەنیـــا مەلامســـتەفا مـــووچەی پەنـــابەریەتی وەرنەدەگـــرتو خەرجـــی ژیـــانی رۆژانەی خـۆی بە پـاكو خـاوێنکردنەوەی حەوتـووانەی ئاپارتمانەکـانی ئەو نـــاوچەیەی مســـکۆ کە تێـــدا دەژیـــا، دابـــین دەکـــرد. بەڕای مـــن،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێهاتووترین رێبەری سیاسی جیهان بوو کە جیا لە پێشنیارەکانی سۆڤییەت، تەنانەت هەنگاوێك لە ئامانجەکانی خۆی پاشەکشەی نەکرد".

مەلا مستەفا پاش گۆڕانی حکوومەت لە عێراقدا، لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی 50 گەڕایەوە عێراقو رۆڵی سیاسی خۆی هاوتەریب لەگەڵ رێبەرانی ئەوکاتی عێراقدا وەئەستۆ گرتەوە. لە ساڵی 1966، "جەلال تاڵەبانی" وێڕای گرووپێك لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق لە حیزب جیابوونەوەو بە راگەیاندنی جیابوونەوە، "یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان"یان دامەزراند. کە دواتر ئەم دوو حیزبە، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی عێراقو یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بوون بە کاراکتێرە سیاسییەکانی باشووری کوردستانو دواتر عێراقیش. پەیمانی 1975ی نێوان عێراقو ئێران کە ئێرانی دەروەست بە راگرتنی "بارزانی" لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئەم وڵاتە بەسەر "چۆمی ئەلوەند" بوو، کە گەورەترین خەساری لە حیزبو رێبەرییەکەی دا. عیسا پژمان ئەفسەری پێوەندیی مەلامستەفاو شای ئێران، پەیمانی ئەلجەزایری بە "گەورەترین خەیانەتی دەوڵەتێك دژ بە گرووپێکی خەباتکار لە تەواوی مێژوودا دەزانێ". ئەگەرچی خۆی دەڵێ کە "ئێمە بە رادەی سێ رۆژ، خواردەمەنیو کەرەستەی نیزامیمان لە بەردەستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلامستەفا دانەدەنا، چونکە ئەو هەڕەشەیەکی گەورە نەتەنیا بۆ ئێرانو عێراق، بەڵکوو بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو."

هێزەکانی بارزانی بە دوای بەستنی پەیماننامەی 1975و راگەیاندنی چەکدانان، هاتە ئێرانەوەو وەکوو شێوەیەکی دوورخراوەیی لە ناوچەی "عەزمییەی کەرەج"و "هەمەدان"دا نیشتەجێ بوون. لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979و رووخانی رێژیمی پەهلەوی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق، بە ناوی "قیادە مووەقەت" خۆیان رێکخستەوەو سەر لە نوێ خەباتی چەکدارانەی خۆیان دەست پێ کردەوە. مەلامستەفا بەر لەم کاتە، لە رێکەوتی فوریەی 1979 لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆچی دوایی کردبوو. دوای کۆچی دوایی نابەوەختی "ئیدریس بارزانی"، مەسعود بارزانی کوڕی مەلامستەفا، بە پێناسە کردنەوەی پێکهاتەی نوێی حیزب سەرقاڵ بوو و بەهۆی بەرگرییەکی سێ دەیەیی لە بەرامبەر رێژیمی بەعسی سەدام حسەیندا، لە ئاکامدا حیزبی دێموکراتی کردە یەکێك لە کاراکتێرە سەرەکییەکانی رووخانی رێژیم لە عێراقو گۆڕانی یاسای بنەڕەتی لەم وڵاتەدا بە ئامانجی دامەزرانی حکوومەتێکی فیدراڵ لە عێراقداو بووە هۆی راگەیاندنی حکوومەتی خودموختاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان. ئەم حیزبە هەتا ئێستا یەکێك لە دوو حیزبی سەرەکی باشووری کوردستان و لە حیزبە سەرەکییەکانی حکوومەتی عێراقەو "مەسعود بارزانی" سەرۆکایەتیی "حکوومەتی هەرێمی فیدراڵی کوردستان"ی لە ئەستۆدایە.

مێژووی سیاسی راپەڕینی "بارزانی" یەکێك لە درێژخایەنترین دەورانی خەباتی چەکدارانەو سیاسی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو جیهانە کە ئێستا بەشێکی سەرەکی لە ئامانجەکانی خۆی لە باشووری کوردستانو باکووری عێراقدا بەدەست هێناوەو لە چاوەڕوانی داهاتووی سیاسی جیهانیشدایە.

سەرچاوەکان:

1- "چێشتی مجێور"، ماموستا هەژار، وەرگێڕانی بۆ فارسی بهزاد خوشحالی، کتاب الکترونیك www.hajarana.blogfa.com

2- "خاطرات مریم فیروز(فرمانفرما) (بیرەوەرییەکانی مریەم فیرووز، (فەرمانبەر)"، 1363

3- "خاطرات عیسی پژمان (بیرەوەرییەکانی عیسا پژمان)"، 2001، اربیل

4- "قاضی محمد و جمهوری در آینەی اسناد"، بهزاد خوشحالی، 1380

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستان



بزووتنەوەی قازی محەممەد بەهۆی نێوەرۆکی جیاوازو تایبەتمەندییە سیاسییە مۆدێرنەکانی، گرینگترین بزووتنەوە لەمێژووی سیاسیی نەتەوەی کورددا بەئەژمار دێت. بنەماییترین تایبەتمەندیی بزووتنەوەی پێشەوا قازی محەممەد کە بووە هۆی دامەزرانی "کۆماری کوردستان" لەماوەی سالانی 1946 ــ 1947دا، بەنێوەرۆکێکی دیموکراتییەك لەجێگیرکردنی کردەکارێکە کە تا ئێستاش دەتوانێ باشترین نموونەی سیستمی دەوڵەتیی بۆ حکوومەتەکان لەرۆژهەلاتی ناڤیندا بێت.

کردەکار: پێشەوا قازی محەممەد

هۆکار: قازی محەممەد

گۆڕەپان:

الف: کات: 1946 ـ 1947

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ب: شوێن: بەشێکی سەرەکی کوردستان لەباشووری ئازەربایجانی رۆژئاوا (ناوچەی موکریان)و بەشێك لەباکووری کوردستان (سەقزو بانە) کە تا ئەوکات ئەوانە بەشێك بوون لەویلایەتی ئازەربایجانو ئەردەڵان.

ئامراز: راپەڕینی چەکدارانەو پێوەندییە دیپلۆماتیکییەکان

ئامانج: دامەزرانی کۆماری کوردستان

هەروەها کە گوترا، بنەماییترین تایبەتمەندیی "کۆماری کوردستان" بەرێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، تایبەتمەندیی دێموکراتیکی ئەو بوو کە لەروانگەی پێکهاتەیی، پێناسەو دامەزرانەوە، چوارچێوەیەکی مۆدێرنی هەبووەو هەڵگری شرۆڤەیەك بەپێناسەو چەمکە نوێیەکان لەدێموکراسییە. لەم روانگەوەو بەپێی چوار تیۆریی نوێی دێموکراسی، واتە دێموکراسیی بازاڕ، دێموکراسیی نیئۆکۆماریخواز، دێموکراسیی باوك سالارانەو دێموکراسیی ژاکۆبنی، دەتوانین بڵێین "کۆماری کوردستان" لەسەر بنەمای دێموکراسییەکی ژاکۆبنی دامەزراوە کە تێیدا لەسەر بنەمای رێککەوتنی بەهاکانو پلەیەکی باڵا لە بەشداریی سیاسی دەتوانین ببینین. لە وەها پێکهاتەیەکی دێموکراسیدا دەتوانین گرینگیی وشەگەلێك وەك نەتەوەییو نەتەوە لە چوارچێوەی چەمکی ئیرادەی کۆمەڵایەتیدا بدۆزینەوە کە بە ئەبستراکت (مجرد) قبووڵکردنی، نێوەرۆکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی بەخۆوە دەگرێتو لەچەمکی "رەزامەندیی گشتیی نەتەوەیی (رچایت ملی همگانی)"و "نەریتی کەڵەکەکراوی نەتەوەیی (سنت ملی انباشته)"دا کورت دەکرێتەوە.

خاڵێکی دیکە کە دەتوانین لە"کۆماری کوردستان"دا بیدۆزینەوە، چەمکی "نەتەوەخوازی"یە کە وەکوو چەمکێکی مۆدێرن، شوناسی کۆمەڵێك لەمرۆڤەکانە کە خۆیان بەوێنەی شوناسێکی جیاواز لەچوارچێوەی یەکەیەکی سیاسی، شوێنێکی جوغرافیاییو کولتوورێکی جیاوازدا پێناسە دەکەن.

تایبەتمەندیی سێهەمی "کۆماری کوردستان"، لەرۆڵی گرینگی پێشەوا قازی محەمەمەد، دەتوانین ببینینەوە. قازی محەمەمەد هەرچەندە کەسایەتییەکی ئایینی بەپێگەیەکی بەهێزی بنەماڵەییەو زۆرکەس رۆڵی "ئایینی - کاریزمایی" بۆ بەلووتکەگەیشتنی کەسایەتی پێشەوا دەزانن، بەڵام ناتوانین رۆڵی "هێژمونی عەقلانی"ئەو لەخودئاگایی، شوێن هەڵگرتنی درووست (جهتیابی معین)، هاوئاهەنگی، رێکخستنی بیروهزرو بەرهەمهێنانی لە پێکهاتەیەکی پراکتیزەکراو بەناوی" کۆماری کوردستان"دا، لەبەرچاو نەگیردرێ. گرینگتر ئەوەیە کە تایبەتمەندیی کەسایەتیی بەرزی ئایینیو بنەماڵەیی، دەبێتە "ئاوەزمەندێتی (عقلانیت)"ی رێبەریو جەماوەر بەهۆی هۆگریی خێڵەکیو هێندێکیش ناوەندخواز، لەکۆڕێکدا ئاپۆرایان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەداو بەناسینەوەو پێناسەکردنەوەی "شوناس"، هەستو وەرەی "خۆیبوون (ما بودن)"یان پێدەبەخشی، "خۆیبوون"ێك کە ئەرکی رەنگدانەوەو بەرز ڕاگرتنی بایەخەکان دەداتەوە بەجەماوەرو بەواتای "ئیدئۆلۆژی نەتەوەیی"، شوناسو کەسایەتی نەتەوەیەك دەنوێنێت.

تایبەتمەندیی دیکەی "کۆماری کوردستان"، پێکهێنانی رەوشێکی لەبار بۆ دەورانی تێپەڕین لەپێکهاتەیەکی نەریتی بۆ ئۆرگانیزاسیۆنێکی "مۆدێڕن"ە. سەرهەڵدانی "کۆمەڵەی ژ.ك" یان کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردو کاریگەربوونی حیزبی هیوا لەکوردستانی عێراقدا، کە پێکهاتە نهێنییەکەی بەشێوەی رێکخستنێکی نهێنی لەسەر بنەمای "کوردبوون"و دواتر گۆڕان پێکهێنان لەپێکهاتەکەدا بۆ "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لەگەڵ چوارچێوەیەکی تەواو دیاریکراوی "حیزبی مۆدێڕن"و چڕبوونەوەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لەچوارچێوەی "حیزبی"دا، یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییە گرینگەکانی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا بەئەژمار دێت.

تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆماری کوردستان، گەڵاڵەکردنی داخوازییە مۆدێڕنەکان لەسەردەمێکو لەشوێنێکدا کە لەبنەڕەتدا نە هەڵگری "کۆمارییە"و نە دێموکراسی. هێنانە بەرباسی گرینگی "کۆماری" لەپاڵ چەمکی "دێموکراسی" لە وڵاتێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاریزماپەروەر کە تانوپۆی هزرە حکوومەتییەکانی تەنیوەتەوە، هاوپێوەندییەکی پیرۆز بوو کە بنەما سەرەتاییەکانی گۆڕان لەچییەتی ئەم پێکهاتەیەو شکاندنی پێکهاتەی زەینی - نەستیی (ناخوداگاە) خەڵکی، نۆژەن کردەوەو هزری مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەرەو "خەڵکباوەڕی" نە "کاریزماپەروەری" ئاراستە کرد.

هەوڵ بۆ جێگیرکردنی پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرن لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، وەڕێخستنی دەسەڵاتی دادوەری، تێپەڕین لەخێڵگەرایی و عەشیرەگەرایی و ئاراستەکردنیان بەرەو "نەتەوەخوازیی کورد"، تێپەڕین لە دووبەرەکی و هەڵاواردنە ئاینییەکان، بەرەو قبوولکردنی فرەئاینی و فرەیی، یەکیەتیی ئیستراتیژیك لەگەڵ ئازەرییەکانداو پەسندکردنی رێککەوتننامەی پشتیوانی لەکەمایەتییەکانی بیاڤی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان، دامەزرانی سیستمێکی ئەمنییەتیی مۆدێرن، چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان بە ئازادی و هەوڵ بۆ پەرەپێدانی چاپ و بڵاوکردنەوە، فێرکردنی زمانی کوردی وەکوو زمانی فەرمی و دامەزرانی رادیۆ و راگەیاندنی هەمەلایەنە بۆ دابینکردنی دێموکراتیکی پێداویستییە کولتووری، پەروەردەو فێرکردن، سیاسی و هەموو بیاڤەکان لەپاڵ هەوڵا بۆ پراکتیزەکردنی ئامانجە دێموکراتیکەکان لەبیاڤی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حکـــوومەتی کوردســـتاندا، لەتایبەتمەنـــدییە بەرچاوەکـــانی دیـــکەی کۆماری کوردستانو ئەم دەورەیە بەئەژمار دێ.

لەبیـــــاڤی "چـــــاپەمەنی"یەکانــــــدا ئەوەی کە "بەرچـــــــاوە" بڵاوکراوەکـــانی وەکـــوو: "نیشـــتمان"، "هـــاواری کـــورد"، "هـــاواری نیشـــتمان (ئۆرگـــانی یەکیەتیـــی جەوانـــانی کوردســـتان)"، "کوردســـــتان"، "گۆڤـــاری هەڵاڵە"و... دەتـــوانین وەك بەڵـــــگە بهێنیـــنەوە. پێـــداگری لەســـەر مـــافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس بـــۆ نەتەوەکـــان، مـــافی دیـــاریکردنی چارەنووســـی نەتەوەی کـــورد، مـــافی ســـەربەخۆیی نەتەوەکـــان، هەوڵ بـــۆ ســـەرهەڵدانی بزاڤێکـــی روونـــاکبیری بـــۆ کـــورد، بزاڤـــی فەرهەنگیـــی نەتەوەی کـــورد، ئاشـــتیو دێموکراســـی بـــۆ جیهـــان، چـــوونە نێـــو بیـــاڤە فەرهەنگـــیو کۆمەڵایەتییەکــــانو جێگیرکردنیــــان بە جێگــــای روانــــــگە عەشـــــیرەتی، ئەتنیکـــــیو مەزهەبییەکـــــانە کە بە روونــــــی دەردەکەوێو پێویست بە بەڵگەهێنانەوەش ناکات.

گرینگیـــدانی "کۆمـــاری کوردســـتان" بە مەســـەلەی ژنـــانو دامەزرانـــدنی یەکیەتییەکـــی تـــایبەت بـــۆ ژنـــان بە مەبەســـتی گرینگیـــدان بە کاروبـــاری ژنـــان لەژێـــر چـــاودێریی راســـتەوخۆی "قـــازی محەمـــمەد" ـــ ئەویـــش لە دەورانێکـــدا کە شوناســـی ژن وەکـــوو مـــرۆڤ لەرۆژهەڵاتـــی نێوەڕاســـتدا بـــۆ حکوومەتەکـــانی ئەو کـــات نـــامۆ بـــوو . لە"قـــازی محەمـــمەد"و "کۆمـــاری کوردســـتان"

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نموونەیەك بۆ "رێبەری"و "دەسەڵاتداریەتی" دروست دەكات كە بەگەڕانەوە بۆ ئەو، دەتوانین زۆر لەپرەنسیپە دێموكراتیكەكان بۆ رێككەوتنی ئەوڕۆی كۆمەڵگای جیهانی وەدەست بهێنین.

پێشەوا قازی محەممەد تەنانەت لەكاتی ئاویلكەشدا، بۆ پارێزگاری لە"دێموكراسی"و "مافی دەنگدانی خەڵك"، "مەرگ"ی خۆی دەداتەوە دەستی دەنگی خەڵكی تا نەكا خەڵك لە"بیری نوێ"و "نوێخوازی" ئەو، بەگومان بن. ئەمەش لەوانەیە پڕبەهاترین تایبەتمەندیی "كۆماری كوردستان"و "پێشەوا قازی محەممەد" بێ. "كۆماری كوردستان"، دەتوانێ خاڵی دەستپێكی هەڵبژاردنێكی سیاسی بۆ دێموكراسی لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی دیكتاتۆرەكان لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێت.

سەرچاوەكان:

1) قاضی محمد و جمهوری در آینەی اسناد، بهزاد خوشحالی، 1380

2) وبلاگ نظریەهای ناسیونالیسم، بهزاد خوشحالی

3) ناسیونالیسم دمكراتیك و دمكراسی چند فرهنگی، كتێبی ئیلكترۆنیك، بهزادخوشحالی

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گرنگیی ژیۆپۆلتیکو ژیۆئیستراتیژیکی کوردستان

دوکتور ئەسعەد رەشیدی (دوکتورای پێوەندییە نێونەتەوەییەکان)
و: ئەفراسیاب گرامی

گرنگیی ژیۆپۆلتیکو ژیۆئیستراتێژیکی کوردستان لە مەسەلە نێونەتەوەیی‌یەکانی سەدساڵەی رابردووو بەربەیانی سەدەی بیستەمدا، روانینو سەرنجی دەسەڵاتە زلهێزەکانی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشاوە.

هەڵوەشانەوەی دوو ئیمپراتۆری مەزن لە ئورووپا (روسیەی تزاری)و لە ئاسیا (حکوومەتی عوسمانی) یارمەتیدەری ئاڵۆزی لە پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی جیهانیو توندکردنی تێکهەڵچوونە نەتەوەیییەکان لە وێنەی سێ ئیدئۆلۆژیکی ناسیونالیستی بەهێز (فارس، تورك، عەرەب)، لە رۆژهەڵاتی ناڤین دا، بوون.

دامەزرانی وڵاتانی عەرەبی کە بە پشتیوانی دەوڵەتەکانی بریتانیاو فەرانسە دامەزران، دواتر بوونە پاڵپشتی برەواپێکراو لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەخساندنی دەرفەتی بواری دەستێوەردانە سیاسی و نیزامییەکانی ئەو دەوڵەتانە لە ناوچەکەدا.

رەوتی درێژماوەی بیچمگیری (شکل گیری) پڕ لە ئازارو رەنجی "نەتەوەسازی" هەر لە هەمان سەرەتاوە لە رۆژهەڵاتی ناقین دا، حاشای لە فرە نەتەوەیی و کولتووی دەکردو ئامرازەکانی توندوتیژی، وەك سەرەوەریخوازی رەگەزی و زمانی بە ئامرازێکی کارامەو جێگای باوەڕ بۆ بناواندارِشتنی "پرۆژەی دەولەت سازی" لە ناوچەکەدا گرتەبەر.

هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی عوسمانی، بەشێکی چووکەی لە ئەرمەنستان بە ئازادی گەیاند، کە لە پەنای سۆڤییەتدا توانی لە نەمانی تەواو دەرباز ببێ. نەتەوە نیشتەجێبووەکانی ئاسیایی نێوەڕاست (گورجستان، ئازەربایجان، تورکمەنستان، کازاخستان) بە پێکهێنانی دەوڵەتگەلێکی چووکەو "سەربەخۆ" توانیان لە ئاسمیلەکردنو توانەوە لە کورەی سوتێنەری پاوانخوازی سیاسی و نیزامی تورکە لاوەکان، رزگارییان بێ. تەنیا کوردستان بە جەستەیەکی بریندارو دابەشکراو و وەك "چەمکێکی جوغرافیایی" و کۆمەڵگەیەکی "ئەگزۆتیك" کە گوایە لە بەشێکی ئاناتۆلیدا نیشتەجێن و درانە دەستی چارەنووسەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوڵەکانی کۆمەڵگەی سیاسیو روناکبیری کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە مەبەستی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ بەرەوڕووی شکست بووە. ئەگەرچی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد لە بەشە جیاوەبووەکانی کوردستاندا، ناسیونالیزمی کوردییان بەهێز کرد، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە پێکهاتەی سیاسیو کۆمەڵایەتی دواکەوتوو و راگیراوی کوردستان لەسەر بنەمای سوننەتو دابو نەریتی روو لە نزمبوونی ئابووریو فەرهەنگی دامەزرابوو و دەستێوەردانە سەرکوتکارییەکانی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر نیشتمانی کوردستان دا، رێگەی بو پەرەسەندنو گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی لە ناوخۆدا، بەرەوە رووی دژواری کردەوەو بووە ئاستەنگو لەمپەری گەورە، کە بوو بە رێگری رێگای گەشەکردنو پێگەیشتنی هەستی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی ناسیونالیستی کوردی دا.

بزاڤە نەتەوەییەکانی کورد تا سەرەتای نیوەی دووهەمی دەیە هەشتای سەدەی بیستەمدا (بە هۆکارە سیاسیو مێژووییەکانی دیاریکراو) و لە کورەی گۆڕانکاری ناوچەییو جیهانیدا نەیتوانی لە بەستێنێکی لەبارو پتەو بکەوێتە گەڕو بە بزووتنەوەگەلێکی بەربڵاو، نەبوونی دووربینیو نبوونی ئیستراتیژیەکی روونو بە ئەهرۆمی گوشار بۆ سەر

چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتانی ناوچە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. هەرچەند سەرچاوە سرووشتییەکانو قووڵاییی ئیستراتێژییكو هۆکاری حەشیمەتیش، کوردستانیان لە دۆخێکی هەستیارو جیگای سەرنج دادەنێن، بەڵام گۆڕانکارییە قووڵە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان دوای دەست پێکردنی شەڕی ساردو هەوڵو بەرخۆدانی بەردەوام، کاراکتێرە سەرکییەکانی جیهانیی دووتەوەرەیی (دو جەمسەری) لە سەقامگیری بەراوردی دەسەڵاتو پێداگریو جەخت کردن لە سەر جێگیربوونو نەبوونی گۆڕانکاری لە سنوورە جوغرافیاییەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین دا، هیچکات کوردستانیان وەك هۆکارێکی سەربەخۆو کاریگەر لەسەر ناوچەو لە پێوەندییە نێونەتەوەیییەکاندا لەبەرچاو نەگرت.

رەوگەی سەرەکیو بناژۆیی لە پێکهێنانو هەڵبژاردنی ئاوەها سیاسەتگەلێك لە لایەن دەسەڵاتە زلهێزەکانی جیهانییەوە، ئاسایشو سەقامگرتوویی ناوچەی لەبەرچاوو گرتووەو گۆڕانکاری قووڵی سیاسیو ئیستراتێژیکی نابەوەختیان بە پێویست نەدەزانی.

ناسەقامگیری بەردەوامی ئەم دواییانەی دەیەی شەست لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین بووە هۆی هەڵوەشانەوەی کۆلۆنیالیزم، بەڵام بەشی کوردستان لە چوارچێوەی ئەم رووداوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرچاوانەدا، لەبەرچاونەگیراوو تەنیا لە دەیەی هەشتای زایینیو سەرەتای لەرزۆکی لە پێکهاتەو بناوانە سیاسیو ئابوورییەکانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا کە رەنگیی ژیۆپۆلتیكو ژیۆئیستراتیژیکی کوردستان لە هاوکێشە ناوچەو جیهانییەکاندا، سەری هەڵدەدا.

تایبەتمەندییەکانی ژیۆپۆلتیکی کوردستان

کوردستان خاکێك بە روبەرێکی 450 کیلۆمتری چوارگۆشە لە رۆژئاوای ئاسیادا هەڵکەوتووە. لە باکورەوە لە گەڵ قەفقاز لە سنوورەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، لە رۆژئاوەوە لەگەڵ رۆژهەلاتی تورکیەو، لە باشوورەوە لەگەڵ سووریەو، لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا لەگەڵ ئێران و باکوری رۆژهەلاتی عێراق دراوسێیە.

گرینگیی گرافیکی کوردستان لەگەڵ چیا بەرزەکانی ئاراراتو زاگرۆسو زەنجیرەی چیا گەورەو چووکە لە پەنای یەکتردا، هۆکارە جوغرافیاییەکانی تایبەتن، کە لە درێژەی سالانێکدا بە لەمپەرێکی گەورە لە بەر رێگەی تەوانەوەو نەمانی نەتەوەیی کورد لە لایەن "داگیرکەرانەوە" بووە. هەروەها روخساربەندی سیاسی . کۆمەلایەتی، کە لە روالەتی گرووپەکانو تاقمە خێڵو فیۆدالەکانی کورد دەرهاتبوو،

لەمپەرێکی دیکەیە کە پێکهاتەو شووناس (هویت)ی کوردی لە توانەوەوە، دوور خستۆتەوە.

بەرینی ژیۆپۆلتیکی کوردستان کە بە بەربڵاوی خاكو دانیشتووانی زیاتر لە 35 ملیۆنو هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشێکی هەستیارو چوارچێوەیەکی ژیۆئیستراتیژیکی، هەڵکەوتن لە چوار یەکە(واحد)ی سیاسی (ئێران، تورکیە، عێراق، سوریە) کە لە پێوەندییە نێوەنەتەوەییەکاندا خاوەنی گرنگییەکی دیاری سیاسیو ئابوورین، ئێعتباری ژیۆپۆلتیکیو ژیۆئیستراتیژیکی کوردستان ئاشکرا دەکەن.

هۆکاری زیندوو لە چوارچێوەی هەمان واتایەدایە کە، بوونی چاوگە سرووشتیو ژێرزەوییەکان نەوت، ئاسن، مسن، کرۆم، کوردستانی کردۆتە وڵاتێکی دەوڵەمەند، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سەرنجو ڕوانینی وڵاتانی پێشەسازی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. "کانگای کرۆم" کە لە نێوان ڕێگەی "دیاربەکرو (لانك)" هەڵکەوتووە، یەکێ لە گەورەترین کانگاکانی کرۆمی جیهانەو وەبەرهێنانی بەرانبەرە لەگەڵ 832000تەن، تورکیە لە ساڵی 1967 بە دوای یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو لە پلەی دووهەمی وەبەرهێنانی ئەم ماددە ژێرزەوینەیە. بە پێچەوانەی ڕاپۆرتی هاریکارییەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەشەسەندنی ئابووری (OECD) لە ساڵی 1967 وەبەرهێنانی (تولید) ئاسن لە "دیوریگی" باکووری کوردستاندا، نزیك بە 1/5 میلیۆن تەن بووە. دەرهێنانی مس لە دیاربەکر لە ساڵی 1970 دا نزیك بە یەك میلیۆن تەنو وەبەرهێنانی نەوت لە شوێنە نەوتییەکانی نەوتی دیاربەکر و سیرت بە 4 میلیۆن تەن(بەرمیل) گەیشتووە.

هەڵکەوتوویی کوردستان لەبەشی سەرەوەی دوو چۆمی گەورەی دیجلەو فۆرات بە تایبەت گەروەبوونەوەی "کێشەی ئاو" کە ساڵانێکە بۆتە یەکێك لە هۆکارە پێکهێنەرەکانی ئاڵۆزی نێوان پێوەندییە سیاسییەکانو دیپلۆماتیکی سوریەو تورکیە، فاکتەرێکی دیکەیە کە دەتوانێ لە داهاتوودا رۆڵو گرینگی ژیۆپۆلتیکی کوردستان لە ململانێکانی رۆژهەڵاتی ناڤین پتر بکا. هەروەها دەبێ بە رێکەوتننامەی بەرچاوی نەوتی "باکو - جیحان" ئاماژە بکەین کە بەشێکی بەرچاوی هێڵە نەوتییەکان لە خاکی کوردستانی باکوردا تیدەپەڕێ. بە رێکەوت نیە کە جیا لە بەهێزبوونی بزاڤی نەتەوەیی لە کوردستانی باکور بەشێکی گوشارە سیاسیو دیپلۆماسییەکانی یەکیەتیی ئورووپا دەخرێتە سەر ئانکارا، سەرچاوە لە ناجێگیربوونی هەمیشەیی رێژیمی تورکیەیە کە ساڵانێکە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کوردەکان سەرقاڵی خۆی کردووەو لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەوگەی ئاسایشـــی بەرژەوەنـــدییەکانی کۆمپانیـــا گەورەکـــانی نەوتیـــدا نـــیە، کە خوازیـــاری ئـــاڵۆزیو قەیـــرانە لە رەوتـــی راگواستنی وزە لە تورکیەوە بۆ ئورووپا نین.

بـــوونی ســـەرچاوە نەوتییەکـــان لە رۆژهەڵاتـــی کوردســـتان (ئێـــران)، هەڵکەوتـــوو لە "نەفـــت شـــای کرماشـــان"و پەرەســـەندنی ســـەرچاوە سورووشـــتییەکان، بە تـــایبەت زەویـــیە لەبارەکـــان بـــۆ وەرزێـــری (کشـــاوەرزی)و ئاژەڵـــداری تایبەتمەنـــدییە گرینگەکـــانی دیکەی پێکهاتەی ئابووری کوردستانیان پێکهێناوە.

دۆزینـــەوەی نەوت لە شـــارەکانی کەرکـــوکو موســـڵ لە باشـــووری کوردســـــتان (عێـــراق)و تایبەتمەنـــدییەکانی وەك: هەرزانبـــوونو ئـــاڵۆزیو قەیـــرانە درێژەدارەکـــان لە پێوەنـــدییە نێونەتەوەییەکـــان لە کۆتـــای شـــەڕی یەکەمـــی جیهـــانی، لەنـــدەنو ئانکـــارا لەســـەر دەستراگرتن بەسەر نەوتی کوردستاندا خستە ململانێوە.

بزاڤە نەتەوەییەکانی کورد

لەگەڵ بەســـتنی پەیماننـــامەی لـــۆزان لە 24ی ژوئـــیەی 1923و دواتـــر رێکەوتنەکـــانی نێـــوان تـــورکیەو بریتانیـــا لەســـەر "دانـــی 10% لە داهـــاتی نەوەتـــی کەرکـــووك بە دەوڵەتـــی تـــورکیە، "کەمـــال مســـتەفا" لە کێشـــەکانی خـــاکی کوردســـتانی عێـــراق، بە تـــایبەت کەرکـــوك چاوپۆشـــی کـــرد. یەکـــێ لەو هۆکـــارە گرنـــگو زەقو بەرچـــاوانەی کە بریتانیـــاو فەرانســـەی لە بەدواداچـــوونی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربەخۆیی بۆ کوردستان راوەستان، رێککەوتنی تورکیە لە بارەی نەوتی کەرکووك بوو، کە رێکەوتننامەی "لۆزان"ی پێکهێنا بوو. لەم رێکەوتننامەیەدا کوردستان بە فەرامۆشی سپێردراو لە بەندەکانی 63و 64ی پەیماننامەی "سێڤەر" کە لە 10ی ئووتی 1920 واژۆ کرابوو ناو نەهێنرا. لە بەندی 63ی پەیماننامەی"سێڤەر" بە روونی باس لە خودموختاری کوردستان دەکرێ.

بەندی 62: کۆمسیۆنێك کە لە "قەستەنتەنییە" کۆبوونەوەی دەبێ‌و بە رێکی پێکهاتوو لە سێ بناغەی پەسەندی دەوڵەتگەلی بریتانیاو فەرانسەو ئیتالیایە، ماوەی شەش مانگ لە (رێکەوت)ی پێکهاتنی پەیماننامەی بەردەست، گەلاڵەیەك بۆ خودموختاری ناوچە کوردنشینەکان لە رۆژهەلاتی فورات، باشووری سنووری باشووری ئەرمەنستان، کە دواتر دیاری دەکرێ، و هەروەها ناوچەکانی باکوری سنووری تورکیە لە گەڵ سووریەو "بین النهرین"، بە شێوەیەك کە لە برگەی (2. 3. 27) دیاری کراوە، چێ بکرێ.

هەوڵی کۆمەڵگای رووناکبیری کورد لە کۆتای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کە لە رەوگەی باشتربوونی بارودۆخی سیاسی . کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردستان دەهاتە ئاراوە، بە ناکامی‌و دڵساردی بەرەوڕوو بۆوە. بزووتنەوەی نەتەوایەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەکدرانەی بەشەکانی باکوری کوردستان، بزووتنەوەی شێخ سەعید پیران (1925)، شێخ مەحموود بەرزنجی لە کوردستانی باشوور (1919 ـ 1922)، سمکۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (1920) نەیانتوانی کێشەی کورد بکەنە کێشەیەکی نێوەنەتەوەیی، کە گەڵاڵەو چارەسەریەکەی ـ جیا لە بەهێزبوونی دەروونی بزووتنەوەی ئازادیخوازەکانی کوردەکان ـ لە چوارچێوەی هاوپەڕایی و پێوەندییەکانی کۆمەڵگای جیهانی، شیاوی تێگەیشتنێکی قووڵ ببێ.

یەکەمین کۆماری کوردستان کە بە کۆماری سووری ناوزەد کرا، لە ماوەی نێوان ساڵەکانی 1923 ـ 1926 لە نێو کۆماری سوسیالیستی ئازەربایجان دامەزرا. بەڵام بە هۆی گوشارە سیاسییەکانی دەوڵەتی تورکیە کە توانی ڕاپەڕینی شێخ سەعید پیران سەرکوت بکاو پێداهەڵپێچانەکانی ناسیۆنالیستەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت بەرەوڕووی شکست بکاتەوە.

لە ساڵی 1946 لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستان بە پشتیوانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو دامەزراو دوای یازدە مانگ بە هۆی دەوڵەتی "قوام"و هاریکاریی سیاسی و دیپلۆماتیکی دەوڵەتەکانی بریتانیاو ئەمریکا، ڕووخا. هۆکاری جۆراوجۆر کە بوونە هۆی سەرهەڵدانو ڕووخانی کۆماری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان دەتوانی بە فاکتۆری نێوخۆیی (لاوازی بزاڤی دێموکراتیك لە ئێران بە گشتیو بە شێوەیەکی تایبەت لاواز بوونی کۆڵەکەکانی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی سیاسی دەوڵەت، بەربڵاونەبوونو نفوزی کەمی کۆمار لە بەشەکانو ناوچە کوردنشینەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها بەستێنێکی شکێنەرو بیری سوننەتی کولتووری کوردستان)و هۆکاری دەرەکی بوو، کە رۆڵێکی مەزنی لە سەر رووداوەکانی وڵات گێڕاوەو بە هۆکارێکی کاریگەر لە دامەزراندنو دواتر رووخانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، ئاماژە بکەین. گۆڕانی هێز لە جیهاندا کە بە قازانجی دوژمنەکانی کوردستان دەگۆڕدرا، پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە دەوڵەتی ساوای کوردستان کە لە بوونی دەسەڵاتێکی دەرەکی پەروەردە ببوو تووشی نیگەرانیو لەرزۆکی کرد. ئەم دڵەراوکێیەو گۆڕانکارییە لە نامەی "ئیستالین" بۆ "میرجەعفەری پیشەوەری" سەرکۆماری ئازەربایجانی باشوورو لە گەڵ تەیاربوونی هێرشی ئەرتەشی شەهەنشای ئێران بۆ کوردستانو ئازەربایجان بە روونی دەتوانین ببینین.

ئیستالین لەو نامەدا رێکەوتی 8ی مەی 1946 بۆ پیشەوەری دەنووسێ: "ئەمریکاییەکانو بریتانییایەکان بە ئێمەیان گوتووە: ئەگەر ئەرتەشی سوور دەیهەوێ لە ئێران بمێنێ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـۆچی دەبـێ ئەرتەشـی ئینگلـیس نتـوانێ لە میسـر، سـووریە، ئەنـدۆنزیو یونـانو سـوپای ئەمریکـاش لە چـین، ئیسـلەندو دانمـارك بمێـنن. بەم هـۆیەوە ئـێمە بڕیارمـان داوە کە ئەرتەشـەکەمان لە ئێـرانو چـین بانگهێشـت بکەیـنەوەو بەم شـێوەیە بیـانوو بـۆ ئەمریکـاو ئینگلـیش نەهێڵیـنەوەو بزاڤـی ئـازادیخوازی لە تەواوی وڵاتـانی داگیرکـراو پەرەپێبـدەینو بەم شـێوەیەش سیاسـیەتی ئازادیخوازانەمـان رەواو کـاریگەرتر دەکەیـن". بەم شـێوەیە کۆمـاری کوردسـتان کە درێـژەدەرو رەنگـدانەوەی ویسـتو ئـارەزووە لەمێژینەکـانو سـەرکوتکراوی نەتەوەی کـورد بـوو، بـووە قوربـانی دژایەتـیو ململانێـی کـۆمەڵگەی جیهـانی کە لە واتـای شەڕی سارد دا دەرکەوت.

لە ڕێکەوتننـامەی ئەلجەزایـر لە سـاڵی 1975 جـارێکی دیـکە جـووڵانەوەی نەتەوەی کـورد، ئەمجـارە لە باشـووری کوردسـتان تـا رادەیەك بە هەمـان هۆکارەکـانی کۆمـاری کوردسـتانی لە نێـو بردبـوو، سـەری هەڵـداو جـارێکی دیـکە نیشـانی دا کە بەرژەوەنـدیی نەتەوەیـی جـووڵانەوەی کـورد هاوئاهەنـگو هـاوتەریبی بەرژەوەنـدیی ئیسـتراتیژیکی دەسـەڵاتی زلهێزەکـانی جیهـانیو پێکهـاتەی سیاسـیی هەنـووکەیی جیهـانی هـاوچەرخە، کە لەگەڵ دژایەتییەکـانو خێشمەخێشـەکانی بەردەوام وێنادەکرێ، ڕێك ناکەوێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕێوەبردنی جیاوازی سیاسەتی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کوردستاندا

پێشینەی سیاسەتی واشینگتۆن نیسبەت بە مافی نەتەوەکان لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانیان، لە لایەن "ویلسۆن" سەرکۆماری ئەمریکا لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی 1920لە چواردە بەندا بڵاوکرایەوە. لە بەندی دوازدەدا باس لە "نەتەوە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی" دێنێتە ئاراوە، کە کوردەکانو ئەرمەنییەکان لە بەرچاو دەگرێ. گۆڕانکارییە سیاسیو ئابووری‌یەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤینو ئاڵۆزییە سەرچاوەگرتووەکان لە دوو تەوەرەیی بوونی (دوو جەمسەری) جیهان، دەوڵەتی تورکیەی وەك پایەگاو ناوەندێکی جێی‌باوەڕو شیاوی پشت ئەستووربوون لە رووبەرووبوونەوەی ئەمریکا لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت بوو و ئاڵۆزی لە سیاسەتی دەرەکی و نێوخۆیی تورکیە لە روانگەی ئەمریکاو رۆژئاواوە بە بەرەیەکی دژ بە یەکیەتیی سۆڤیەت، خەساری دەگەیاند. هەر بەم هۆیەوە بوو کە ئەمریکاو رۆژئاوا پشتیوانیان لە جوولانەوەی نەتەوەی کورد نەدەکرد. دانی پارێزگای موسڵ بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق لە نێوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە لایەن بریتانیاوە لە گەڵ رێککەوتنی ئەمریکا بەڕێوەچوو، کە دانی بەشی زۆر لە داهاتی نەوتی شاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەرکوك لە پێناو رێککەوتنی کۆشکی سپی بۆ ئەم وڵاتە بوو. دەوڵەتەکانی دواتری ئەمریکا بە بەستنی رێکەوتننامەکانی (سەعدئاباد، بەغداد) کە لە چوارچێوەی شەڕی ساردا بەراورد دەکرا، رۆڵێکی بەرچاوییان لە ئەستۆ گرت. لایەنی سیاسەتی دەرەوەی هەرکام لە بەشداربووانی رێکەتننامەکانی ناوبراو هاریکاریو رێگەڕەوێکی هاوبەش لە سەرکوتی هەرجۆرە بزاڤێکی نەتەوەیی بە تایبەت لە کوردستان دا پێك دەهێنا.

رێکەوتننامە "ئەلجەزایر" لە ساڵی 1975، کە خەباتی چەکدارانەی کوردەکانی باشور (عێراق) بەرەوڕوی شکەست کردوە، بەرژەوەندیی ئەمریکاو رێژیمی پاشایەتی ئێران لە ناوچەکەدا دابین دەکرد. گوشار بۆ بلووکی رۆژهەڵات کە دەوڵەتی "ئەلبەکر - سەدام حسەین" ئاشکراکردنێکی نارێکو ناخوازراویی دەردەخستو لەگەڵ دەستەویەخە کردنو پشتیوانیی کردنێکی بە ڕواڵەت لە بزاڤی نەتەوەیی کوردەکانی تەواو کردو بواری تێکشاندنی رەخساند.

کارەساتە دڵتەزێنەکانی ساڵەکانی 1987 - 1988 کە لە درێژەیدا بەسەدان هەزار کورد بەدەستی رێژیمی عێراق کوژرانو کۆمەڵگە "خاوەن شارستانیەت"ی جیهانیو ئەمریکاش دژکردەوەیەکی شیاویان نیشان نەدا. لە رەوتی شەڕی کەنداوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فارس لە ساڵی 1991 بێجگە لە راگەیاندنی پشتیوانیی سەرکۆماری ئەمریکا لە خەباتی کوردەکانو شیعەکان، دەوڵەتی ئەمریکا بە دەست لەسەر دەست دانانو بێهەڵوێستی بەرامبەر بە ئەنفالو ئاوارەکردنی بە میلیۆن کورد، ئەمە پێشینەی تاریكو تاڵی سیاسیەتی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نیسبەت کێشەکانی کورد هەر لە هەمان سەرتاوە تا دەیەی کۆتای سەدەی بیستەم نیشان دەدا.

چاوخشاندنەوە بەسەر سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا لە کوردستاندا

کارتێکەرە گۆڕانگارییەکانی جیهانی لە کۆتایی دەیەی هەشتای زایینیو ئاڵوگۆڕکانی هێژمووونی دەسەڵات لە جیهانو بە تایبەت لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی شۆڤیەتی پێشوودا، گەیشتە لووتکە. سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە پرۆژەی "نەزمی نوێی" جیهانی رەنگدانەوەی بوو، بووە هۆی گۆڕانکارییەکی قووڵ. رێکخستنی دوکترینی رۆژهەلاتی ناڤینی گەروە، کە لەگەڵ پەرەسەندنو بڵاوکردنەوە "دێموکراسی" لە وڵاتانی دەسەڵاتخواز لە لایەن ئەمریکاوە بەراورد دەکرێ، لە گۆڕینی تێڕوانینی کۆشکی سپی لە تەواوی قۆناخەکانی شەڕی سارددا، رۆڵی وڵاتانی تورکیەو عەرەبستانی سعوودی (هاوپەیمانانی سەرەکی ئەمریکا) لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نــاوچەکەدا کەم کــردەوە. لەم روانــگەوە دەتــوانین بە گرینگــی ئیســتراتیژی نــوێی ئەمریکــا لە هاریکــاریو پشــتیوانی لە بزاڤــی نەتەوەیــی کوردســـتانی باشــوور، وەك یەکگرتــوویەکی شــیاو و دڵنیا بۆ قەیرانی عێراق ناو بەرین.

لە لایەکــی دیــکەوە لاوازبــوونی رژێمــی ســەدام حسێن لە عێــراق لە لایەن ئەمریکــاو بریتانیــاوە، کە بە کەمکــردنەوەی فــڕین(پــرواز)ە ئاســمانییەکانی رژێمــی عێــراق لە ئاســمانی کوردســتانو گوشــارەکانی سیاســیو ئابووریشــی تەواو دەکــرد، ورەی خەبــاتی کوردەکــانی بەهێــز دەکــردو گــۆڕانی بەســەر تێڕوانینــی سیاســی حزبەکــانی بەئەزمــوونو بەشدار لە گۆڕەپــانی سیاسی کوردستان دا، هێنا.

ئیستراتێژی نوێ لە بزاڤی نەتەوەیی کورد دا

رێکەوتننــامەی "الجزایــر" کە بــووە هــۆی شکســتی کــاتی خەبــاتی باشــووری کوردســتان، زەربەیەکــی قــورسو بەهێــز بــوو کە لە بزاڤــی نەتەوەیــی کــورد چ لە دەروونەوەو چ لە دەرەوە کەوتو بــواری بــۆ چاوخشــاندنەوە بەســەر مێــژووی خەبــاتی سیاســی کوردەکــان چ لە رووی پێکهــاتەوەو چ لە رووی نــاوەڕۆکەوە بەشــێوەیەکی جیــددی لە نێــوان بەشــەکانی زانــای کــۆمەڵگەی رووناکبیری کوردســتان پێکهــات. بزاڤــی نەتەوەیــی کە لەگەڵ دورەپەرێزکــردنو لەبەرچــاونەگرتنی پرســی نەتەوەیــی لە مێــژووی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەدساڵە کوردەکان بەرەوڕوو بووە، بەکەڵك وەرگرتن لە رەوشی هەستیارو گۆڕانی شیاوی هێز لە ناوچەو جیهاندا توانی فەزایەکی ئازادی سەرچاوەگرتوو لە نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندی عێراقو لە گەڵ پشتیوانی بیرە پێشکەوتووەکانو مرۆڤدۆستانەی جیهانیو لەباربوونی وڵاتانی رۆژئاوایی بە تایبەت ئەمریکا لە بەشێکی کوردستان (باشوور) جێگیر بێ.

ئەم گۆڕانکارییە تەنیا لە قەوارەدا پێك نەهات، بەڵکوو ئێستراتێژی جووڵانەوەیش لە دەروونەوە تووشی گۆڕانێکی قووڵ کردو نێواخنی سیاسەتی دەرەکی جووڵانەوە کە بەشێوەیەکی سوننەتیو لەسەر بنەمای بیرێکی چەپگەرایی دامەزرا بوو، بەشێوەیەکی ئارام کەوتەبەر پێداچوونەوە.

"یەکیەتیی سۆڤیەت، بزاڤی کوردەکانی هێزێکی هەمانەکراوی دژەئیمپریالیسی دەژمارد" سەرلێشێواویو ناهۆمێدی لە بیرەچەپەکان، کە لە روخساری یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو وێنا کرابوو، لە نێوەی یەکەمی دەیەی هەشتای زایینی سەرنجی حزبە کوردییەکانی بەرەو رێوشوێنە سیاسیەکانی جیهان راکێشا.

بەریانی حیزبە کوردییەکان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دێموکرات، یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانی عێراق) بە ئەندام بوون لە رێکخراوی سوسیال دێموکراتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئورووپـــا، نیشـــانەیەك لە پێـــداچوونەوە بەســـەر بیـــرو هزرەكـــانی رابـــردوو نیشـــان دەدا كە لەگەڵ پێـــداچوونەوەی بەرنـــامەی ئەم حیـــزبە كوردییـــانە كە لە گەڵ گـــۆڕانی دروشـــمی خوموختـــاری بـــۆ فێـــدراڵی، نمـــوونە زەقـــی ئەم لایەنگـــرییە نـــوێیە لە بزاڤـــی نەتەوەیـــی كـــورد دەژمێـــردرێ. بیـــری نـــوێی لایەنگـــری ئێســـتراتیژیك لە بزاڤـــی نەتەوەیـــی كـــورددا دەبـــێ لە قۆنـــاخی یەكەمـــدا بە چەنـــد هۆكـــاری كـــاریگە ببەســـتینەوە. یەكەم: خـــولی خێـــرای گۆڕانكارییەكـــان لە جێهـــانو نـــاوچە (شۆڕشـــی ئیســـلامی ئێـــران، شـــەڕی ئێـــرانو عێـــراق، گـــۆڕانە سیاســـییەكان لە ئەفغانســـتان، درزبردنـــی بنەمـــا سیاســـیو تیۆرییەكـــانی ســـۆڤیەتو ولاتـــانی سوسیالیســـتی) دواتـــر، كـــاركردی ئاڵوگۆڕەكـــانو زانیـــارییە سیاســـیو كولتوورییەكـــان لە ئاســـتی جێهانـــدا، كە لەگەڵ شۆڕشـــی تێكنۆلـــۆژی، شـــنەبای ئـــازادی لە نـــاوچەكەدا هەڵكـــردوە، هەروەهـــا هۆكـــاری كـــۆمەلایەتی گرنـــگ وەك، جێبەجـــێ بـــوونی چینەكـــان لەولاتـــانی دابەشـــكەری كوردســـتان، كە بە تـــوێژی نـــوێنجی كۆمەڵگـــا گیـــانێكی تـــازەی دەبەخشـــی، هۆكـــارە ماددیەكـــانی گۆانگارییەكـــانی تیـــۆریو سیاســـی لە بزاڤـــی سیاســـی نەتەوەیـــی كوردســـتان بـــوون، رێكخســـتنی ئێستراتیژی نوێی بزاڤی مومكین كردوە.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە سەرنجدان بە هۆکارە مێژووییەکانی سەدساڵەی رابردووی بزاڤی نەتەوەیی کورد، دەتوانیٚ گرینگی ژیۆپۆلتیكو ژیۆئیستراتیژیکی کوردستان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بەمجۆرە ناو بەریٚ:

1ـ سیاسیەتی دەرەکی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا لەگەڵ هاوکارییەکی بەربڵاو و بەرینی وڵاتانی زلهێزی جیهانو لە پلەی یەکەمدا ئەمریکاو وڵاتانی پیشەیی ئورووپا دامەزراوە.

2ـ رێگەوبانی بنەڕەتیو ئامانجی سەرەکیی خەباتی کورد لە بەشە جیاوازەکانو دابەشکراو (ئێران، سوریەو تورکیە) پێکهێنانی سیستمێکی فیدراتیو لە رێگەی لاوازکردنی دەسەڵاتی ناوەندی (تورکیە)و تێکەوەپێچانی رێژیمگەلێکی توتالیتر لە (ئێرانو سوریە) بنیاتنراوە.

3ـ ژیۆپۆلتیکی کوردستان خاوەنی گرنگییەکی حاشاهەڵنەگرە لە ناوچەو جیهان دا.

4ـ هەڵکەوتنی کوردستان لە دراوسێیەتی چوار وڵات بە تایبەتمەندییو ئێعتبارێکی دیاری نێونەتەوەیی، فاکتۆرە زەقەکانی دیکە . کە ئاماژەیان پیٚ کرا . گرنگی ژیۆئێستراتیژی کوردستان لە رەوگەی سەقامگیریو ئاسایشی ناوچەدا دەردەخات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

5ـ بزاڤی نەتەوەیی کورد راستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بێجگە لە پەرەنەسەندی سیاسی لە رابردوودا، لەم یان ئەو بەشەی کوردستانی دابەشکراو، خاوەن پێشینەیەکی درێژماوەو رەگی لە نیشتمان، مێژوو و کولتوور و نەریتە دێرینەکانی نەتەوەی کورد داکوتاوەو پێگەیشتنو پەروەردەی رۆژ لە دوای رۆژی سەر بە ئیرادەی هیچ نەتەوەیەك نیە، جیا لە نەتەوەی کورد.

6ـ مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان لە قۆناخگەلێکی چڕوپڕ تێپەڕ بووە. نەبوونی ئێستراتیژییەکی دیاری کراو، نەبوونی دووربینی سیاسیو هۆکارەکانی بەردەمو نەرێنی لە قۆناخەجیاوازەکانی مێژوو، تا گەیشتن بە ئێستراتیژییەکی هاوبەشو دامەزراندنی کۆمارێکی فیدراڵ لە بەشی باشوور (عێراق) کوردستان، قۆناخگەلێکی دژوارو رەنجهێنەرە کە لە مێژووی سەدساڵەی کوردستان دا رەنگدانەوەی بووە.

سەرچاوە: اخبار روز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەباسێک لەمەڕ رەوشی کوردەکان لە سوریە

ن: دوکتۆر کەماڵ سەیدۆ

و: ناسر ئیرانپوور

وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئەفراسیاب گرامی

چەند پەیڤێك لە بارەی نووسەرەوە:

دوکتووۆر کەماڵ سەیدۆ، کوردی سوریەو نیشتەجێی ئاڵمانە. لە ساڵی 1061 لە کوردستانی تورکیە هاتە دنیاوە، لە ساڵی 1980 چووە مسکۆو لەوێدا لە زانستگەدا خوێندنی لە بواری مێژووو رۆژهەڵاتناسی خەریك بووە. لە ساڵی 1989 لە لایەن تویژەری بەناوبانگی رووس، پرۆفیسۆر "لازارێف" لە ناوەندی رۆژهەڵاتناسی ئاکادمیکی یەکیەتیی سۆڤیەت وەك مێژووزان . رۆژهەڵاتناس دوکتۆرای تەواو وەرگرتووە. دواتر مەجبوور بە تەرك کردنی رووسیە بوو دوای نیشتەجێبوونێکی کورتخایەن لە لوبنان، لە ساڵی 1990 بەرەو ئاڵمان بەرێکەوت.

سەیدۆ لە "ماربورگ"ی ئاڵمان، یەکەمین کۆمەڵە شێعری کوردی خۆی بە ناو "هاوارەکان لە تاراوگە(هاوارێن غەریبییێ)"

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاورکـــردەوە. وەرگێڕانـــی ئاڵمـــانی ئەم بەرهەمەش بە زووتـــرین کـــات لە لایەن چـــاپەمەنی "بلاوەهـــورنرفرلاگ" مـــاربورگ بڵاودەکـریێتەوە. لە سـالّی 1994 کتێبـی ئامووزشـی زمـانی لە ژێـر نـاوی "کـوردی بـۆ ئاڵمانییەکـان"و هەروەهـا نـامیلکەیی دوکتـوراکەیی لە ژێـر نـاوی "رووسـیەو مەسـەلەی رۆژهەڵات" (بە زمـــانی رووســـی) بڵاوکـــردۆتەوە. لە ســـالّی 1986 بەرگێکـــی کـــورتکراوەی نـــامیلکەی کۆتایینـــامەکەی بە نێـــو "روســـیەو کوردەکـــان لە نیـــوەی دوهەمـــی ســـەدەی 19 تـــا ئۆکتـــۆبری 1917" بڵاوبـــۆوە. ئەم نوســـینەش بە عەربـــی وەرگێـــڕدرایەوەو بە زوویـــی بڵاودەکـــرێتەوە. ئەوەش زێـــدترە لەمە کە، نوســـەر وتـــارگەلێکی بە زمانەکـــانی کـــوردی، عەرەبـــی، رووســـیو هەروەهـــا ئیسلامناســـی لە "زانســـتگەی گەورەســـالانی خەڵـــق"و زانســـتگەکانی "مـــاربۆرگ"و "گیســـن"ە. هەروەهـــا وەرگێـــڕی فەرمـــی زمانەکـــانی ئاڵمـــانی، روســـی، کـــوردیو عەرببیە.

دۆکتـۆ کەمـاڵ سـەیدۆ هەنـووکە لە شـاری مـاربۆرگی ئاڵمـان دەژیو لە ســـالّی 2002 بەڕێـــوەبەری ناوەنـــدی راوێژکـــاری دەرەکـــی ئەم شـــارەی لە ئەســـتۆیەو لە ئـــاورێلی 2006 بەڕێـــوەبەری بەشـــی رۆژهەڵاتـــی نزیـــك لە "کـــۆمەڵگەی داکـــۆکیکەر لە گەلانـــی بندەســـت"یە. ئەم کـــۆمەڵە رێکخراوێکـــی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ‌سنوور، نادەوڵەتی، فەراحیزبی مافەکانی مرۆڤ لە ئاڵمانەو تا بە ئێستا سەرچاوەی خزمەتگوزارییەکی بەرین، بە تایبەت لە رێگەی بڵاوکردنەوەی کتێبی مێژوویی لە بارەی کوردستانو لە قاودانی جینایەتەکان لەسەر کوردستان بووە.

شوێنی ژیانو حەشیمەت

لە سووریە نێزیك بە 2 تا بە 3 میلیۆن نەفەر کورد دەژی. شوێنی ژیانی زۆربەی باکووری سووریە لە کەنارەکانی زەریای مەدیترانەوە دەست پێ‌دەکاو، لە کەرتی سنووری باکووری سووریە دەگەڵ تورکیە درێژەی هەیەو بەناوچەکانی سەرسنووری باشووری ئەم وڵاتە دەگەڵ عێراق گرێ دراوەو پارێزگاکانو شارە کوردەکانی قامیشلی، حسکە، عموودە، تڵ‌گوچر، سارەکانیە، تربەسپی، بە کەوانەیەك بەرەو باشووری شاری "حسکە" لەبەر دەگرێ. لە رۆژئاوایی شاری"عفیون"، ناوچەی کورد - داغ (چیاکانی کورد)ی باکووری شاری "حەلب"، "جبال سامان"، ناوچەی "کەلیسایی سیمۆن" کوردنشینن. بێجگە لەمە، هەندێ لە ناوچەکانی شوێنی ژیانی کوردەکان لە باکووری رۆژئاوا، لە نزیکی "ئیدلیب"، "کاخرتاخاریم"، شوێنگەی سەرەکیی قارەمانەکانی ئازادیخوازیی کوردی سوریە، یانێ "ئیبراهیم ئەل حنانو"، هەڵکەوتووە کە لە لایەن هەر سوورییەکەوە شایانی رێزلێنانە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە رۆژئـــاوایش لە نـــاوچەی "میســـیر ئەلشـــگور" لە ســـنووری شـــاری "حمـــاح" ئاوەدانییەکـــانی پـــێکەوە گـــرێدراوی کـــورد هەیە. یەك چـــوارەمی شـــاری "حەلـــب"، کوردنشـــینەکانن. لە لای رۆژهەڵاتـــی "حەلـــب"و دەورووبەری نـــاوچەی "کـــورد داگ" لە درێـــژەی سنووری سـوریە - عێـراق، لە نـاوچەی "جەبـار لـووس" هەڵکەوتـــووە تـــا نـــاوچەی "کوبـــانی (عینالعـــرب)" رووبەرێکـــی نزیـــك بە"25000 کیلـــۆمیتری چـــوار گۆشـــە" نـــاوچەی کوردنشینەکانی باکووری سووریە پێك دێنن.

هەروەهـا "دیمیشـق" پێتەختـی سـووریە، چەنـد سـەد هەزار کـورد تێـدا دەژی. گلکـۆیی ئەمیـری نـاوداری کـورد "سـەلاحەدین ئەیـوبی"یـش لەم شـارەدایە. حەشـیمەتی سـووریە هەنـووکە 16 میلیـــۆنو 400 هەزار کەســـەو نزیـــك بە 15% ئەم ژمـــارەیە کوردن.

میژوو

ســـووریەی ئەوڕۆکە، لە ســـاڵی 1920 لەســـەر بنەمـــای پەیماننـــامەی ئاشـــکرای ناســـراو بە "ســـایکسپیکۆ" کە لە 16ی مەی 1916ی زاییـنـی نێـوان ئینگلـیسو فەڕانسـە بەسـترا، لە تـــورکیەی عوســـمانی جیـــاکرایەوەو کەوتە ژێـــر دەســـەڵاتی فەڕانســـەوە. لە 9ی مارســـی 1921 بە هـــۆی پەیماننـــامەیەك "هێڵـی رێـگەی ئاسـنی بەغـداد" کە لە لایەن ئاڵمانییەکـانەوە لە

نێوان شەڕی یەكەمی جیهانی دروستكراوە، وەك هێڵی سنووری نێوان توركیەو سوورییەی تازە دامەزراو، دیاری كرا. بە هۆی ئەم سنووره دەسكردەوە لە ناكاو لە یەكدی جیابوونەوە، ناوچەكانی باشووری ئەم هێڵەی رێگەی ئاسن هەنووكەش بۆتە وڵاتی نوێی سوورییە. ناوچەكانی باكووریش لە ژێر دەسەڵاتی توركیە مانەوە.

ئەم دابڕانە پاشەرۆژێكی سیاسی، فەرهەنگیو ئابووری بەرینی بۆ كوردەكانی باكوورو باشووری هێڵی رێگەی ئاسن بە دواوە بوو. ناوچەی بێئەژماری دابەش كراوە، هەزاران بنەماڵەی پارچە پارچە بوون.، سنوورەكانی نوێی دەیەی 50 زایینی لە لایەن كوردەكانە لە توركیەو لە سوریە لە بەرچاو گرتبوو. بەڵام لە دوای قەیرانی نێوان توركیەو سووریە لە كۆتایی دەیەی 50 توركەكان سنوورەكانیان داخست.

كوردەكانی ژێر دەسەڵاتی فەڕانسەوییەكان خاوەن مافە سیاسیو فەرهەنگییەكانی زۆر بوون. نێوان 1923 تا 1934 لە سووریە رۆژنامەیەك بە نێوی "هاوار" كە گرینگییەكی زۆری بۆ كوردەكان هەبوو، بڵاودەكرایەوە، بەڵام ئەم بڵاوكراوەیە لە ماوەی ساڵێك كە سووریە سەربەخۆی لە فەڕانسە وەرگرت، داخرا. داخستنی ئەم رۆژنامەیە یەكەمین هەوڵی دەسەڵاتدارانی سووریە دژ بە نەتەوەیی كورد بوو.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەربەرەكـــانێ لەبەرامـــبەر سیاســـەتی تەعریبـــی زۆرەملـــیَو سیاسەتی توانەوە

لە ســـاڵی 1962 كوردەكـــان لەگەڵ خەریتەیەكـــی نـــوێی عەربـــی - ناسیونالیســـتی بەرەوڕوو بـــوون. لە پارێزگـــای "حســـكە" هەڵكەوتـــوویی بـــاكووری رۆژهەڵاتـــی ســـووریە، ســـەرژمێرییەك كـــرا. وەك ئاكـــامی ئەم ســـەرژمێرییە یەكشـــەوە 120 تـــا 150 هەزار كـــورد وەك "تاكەكـــانی بێنیشـــتمان" پێناســـە كـــران. ژمـــارەی ئەم مرۆڤـــانەی "بێنیشـــتمان" ئەوڕۆكە لە ســـوریە 300 هەزار كـــوردن. ئەم مرۆڤـــانە 44 ســـاڵ دوایـــی ئەم رووداوە هێشـــتا لە نیشـــتمانی خۆیانـــدا خـــاوەنی هـــیچ مافێـــك نـــین. ئەوانە تەنـــانەت پێناســـە، پاســـپۆرت، ... یـــان هەر بەڵگەیەكـــی شـــووناس لانـــیكەم ســـووریبوونیان نیشـــان بـــدات، پێیـــان نـــادەن. ئەوان خـــاوەنی بەرگەیەك بە وێـــنەو نـــاوێكی خۆیـــانەوەیە كە تێـــدا نووســـراوە "بێنیشـــتمان". ئامـــانجی رێـــژیمە لەم كـــردەوەیە بە كەمیـــنە كردنـــی كـــورد لە پارێزگـــایی بەســـەرچاوەی نەوتـــی كـــوردی بـــوو. لەو كـــاتەوە كـــۆمەڵگەی ســـووریە لەگەڵ كێشـــەیەك بە واتـــای چەمـــك "نەنووسراو"و "بێگانە" بەرەوڕووبۆتەوە.

لەگەڵ تەواو بـــوونی بەنـــداوی "فـــۆرات" لە نێـــوان دەیەی 70ی زاییـــنی، رێـــبەری حیزبـــی بەعســـی ســـووریە لە دێمیشـــق بە بیـــرۆكە جیـــایی دێمشـــقو شـــەقبردنی "باشـــتر"ی نـــاوچە

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردنشینەکانی سووریەو ناوچە کوردنشینەکانی تورکیەو عێراق درێژە دەدا. لەم پێوەندییەدا خەریتەی "کەمەربەندی عەرەبی" دارێژرا. کەرتێکی سنوور بە درێژایی 10 تا 15 کیلۆمیتری لە درێژایی سنووری تورکیەو سووریە، لە کوردەکان چۆڵ کرا. دانیشتوانی دێرینی ئەم ناوچەیە بە زۆر لە ناوچەکانی دیکەدا کۆچێنران. "بە جێگەی ئەوان خێڵە عەرەبییەکان لە ناوچەکانی ناوەندی وڵات، لە دەڤەری بەنداوی فورات بۆ ناوچە کوردنشینەکان هەناردەو لەوێ نیشتەجێ کران.

بە درێژایی کردەوە دژەکوردییەکان سەرەوە هەوڵی سیاسی کوردەکان توندتر بۆوە. دەیان سیاسەتڤانی کورد دەستبەسەرو بۆ ساڵانێکی درێژخایەن بێ دادگایی کردن لە پشت میلەکانی بەندیخانە، بەند کران.

زمانی کوردی، بڵاوکراوەو کتێبی کوردی، مۆسیقی کوردی، ناوی کوردانە بۆ منداڵان، ناوچە، شار، شوێنو میدیاکانو ... قەدەغە کرا. لەو کاتەوە کوردەکان تەنیا بە نهێنی دەیانتوانی "جێژنی نەورۆز" جێژن بگرن. تەنیا لە سەرەتایی دەیەی 80 بوو کە کوردەکان توانیان جێژنی نەورۆز بەکەمو زیادەوە یاسایی بگرن. بەڵام قەدەغە کردنەکانی گشتی دژ بە ژنانو کولتووری کوردی هەروەها لە جێی خۆیەتی. لە سووریە بڵاوکراوەکان، رادیۆ، تلویزیۆن بە زمانی کوردی،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شـوێنێك لە عەربەکـان نـیە. تـا بە ئێسـتا دژبەرانـی ئەم کەسانە کە بەڕێـوەبەری فەرهەنگییکـان بـوون لە دواکەوتنێکـی سیاسـی، بەرەوڕووی ئەشـنکەنجەو مەرگ بـوون، بەڵام بزاڤـی نەتەوەیـی کورد لەپێ نەکەوتووە.

خەڵکـی کـورد لە سـوریە لە بەرخـۆدانی نەتەوەیـی هاوتەربیەکـانی خۆیـدا، هەم لە عێـراقو هەم لە تـورکیە بە شێوەی چالاك پشتگیری کردوە.

دوای هەڵوەشـاندنەوەی بلـوکی رۆژهەڵات لە سـەرەتایی دەیەی 90 بزاڤـی نەتەوەیـی کـورد گیـانێکی تـازەی بە خـۆوە گـرت. کـاریگەری بیرۆکەکـانی چینـایەتیو بـزاڤە کۆمۆنیسـتەکانی کوردسـتان گەیشـتە ئاسـتی خـۆی، بە پـێچەوانەوە لایەنگـری حیـزبە نەتەوخوازییەکـان بە رادەیەکـی زۆر زێدی کرد.

بە تـایبەت لە دوای 2001 شـێوازە مەدەنیـیو ئاشـتیخوزانەی خەبـات نێـوان کوردەکـان دەسـتپێکی مەزنـی گـرتەوە. ئاکـامی خەبـاتی چەکـدارانەی "پ.ك.ك" لە کوردسـتانی تـورکیەو "سـێپتامبری، رووداوەکـانی کوردسـتانی عێـراقو بە تـایبەت شووناسـی فێـدراڵ، گرینـگترین هۆکـاری ئـاڵوگۆڕێکی تیێروانینەکـان بـوون. لەسـاڵەکانی 2002 - 2003، حیـزبە سیاسـییەکانی کـورد نارەزایەتییەکـانی

فرەچەشـــنیان لە دێمشـــقو شـــارەکانی دی ڕێکخســـتن. کوردەکـــان خوازیـــاری کولتـــووریو سیاســـی بـــوون. دانـــی هـــاوولاتییبوون بە تاکەکـــانی "بێنیشـــتمان" هەروەهـــا یەکێـــك لە ســـەرەتاییترین خواســـتەکانی ئەوان بـــووە. لەم ســـاڵانەی دوایـــیەدا نـــاڕەزایەتیی کوردەکـــان لە ســـووریە هەم لە بـــواری چەنـــدایەتیو هەم لە بـــواری چۆنایەتییەوە بەرزبۆتەوە.

راپەڕینی مارسی 2004

لە 12ی مارســـی 2004 بە هـــۆی کێشـــەیەك کە لە نێـــوان لایەنگرانـــی دوو تیمـــی فوتبـــاڵی عەرەبو کـــورد روویـــدا، ئـــاڵۆزییەکی قـــووڵی لە نـــاوچەی کـــورد لە ســـووریە هێنـــا ئـــاراوە کە لایەنگرانـــی تیمـــی عەرەبـــی بە بەرزکـــردنەوەی درووشـــمێ بـــۆ ســـەدام حســـێنو بکارهێنـــانی چەقـــۆو کـــوتەكو گۆپـــاڵ، هێرشـــیان کـــردە ســـەر لایەنگرانـــی تیمـــی کوردەکـــانو بە تونـــدی کەوتـــنە بە لێدانەوە.

لە مـــاوەی چەنـــد رۆژێـــك ئـــاڵۆزیی لە قامیشـــلی، لە رۆژهەلات تـــا "عفـــرین" لە رۆژئـــاواترین نـــاوچەی ولاتـــپەرەی ســـەند. لە شـــارە گەورەکـــان وەك دێمشـــق، حەلـــب نارەزایەتییەکـــانی خەڵکـــی کـــورد ســـەری هەڵـــدا. لە بـــارەی هۆکـــاری ســـەرەکی ئەم "ئـــاڵۆزییەی فوتبـــاڵ" تەنیـــا دەتـــوانین لاپێچـــێ بکـــرێ. بەڵام راســـــــتییەکەی ئەم رووداوە ئەوەیە کە ئەم راپەڕیـــــــنە لە لایەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردەکانەوە رێك نەخرابوو. بە دوای سەرهەڵدانی راپەڕینەکە رێکخراوو هاوئاهەنگ کراوی خەڵك لە ناوچەکانی دیکە بەڕێوە چوو. دواهاتەکانی ئەم راپەڕینە بۆ تەواوی لایەنەکانی سووری قورس مایەوە. رێژیم مەجبوور کەوت قبووڵ بکا کە هەر هەڕەشەیەکی دژە کوردییەك بۆ رێژیم زۆر گران تەواو دەبێ‌و، بەڵام ژمارەیەکی زۆر ئەم رێکخراوە کوردانەش بووە کە لەگەڵ پێکهاتەکانی خەمهێنەر یان زۆرەملێ لە جەماوەری خەڵکی دواترن. هەم ئۆپۆزیسیۆنی لاوازی کوردی‌و هەم دەورێکی لە بزاڤێکی دینامیك بەهێزی سیاسی خەڵکی بەرەوڕوو بوون، مەبەستی ئەم بزاڤە جەماوەرییە خاوەن خودئاگاییەکی نەتەوەیی کوردە.

دوای ساڵی 2004 کوردەکانی سووریەی‌و نیشتەجێ دەرەوەش چالاکترە هاتنە مەیدانەوە. ئەوان هەوڵ دەدەن پلاتفۆرمێکی هاوبەش نێوان خۆیان رێك بخەن. هەڤپەیڤینەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت لەگەڵ ئەمریکا ساز درا.

کوردەکانی سووریە ئەگەر دەیانهەوێ لە کردەوە سیاسییەکان لە بەرانبەر کردەوەی ئەنجامدراودا رانەوەستاوەو بێ‌خەبەر بن، دەبێ رەوتەکانی ئەم وڵاتە بە وردی لە ژێر چاودێریدا بێ. لە سووریە ئۆپۆزیسیۆنێکی دێموکراتیك بەهێز بتوانێ ئالترناتیڤێکی جیددی بۆ رێژیمی بەعسی ئەم وڵاتە بێ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوونی نیە. جەماوەری عەرەبی ئەم وڵاتە بە ئاسانی درووشمەکانی یان عەرەبی یان ئیسلامی شیاوی گوتنە. لەم رێگەیەدا ئەرکی گرینگی پێڕوەیی بزاڤی نەتەوەیی کورد لەم وڵاتە دایە.

## بزاڤی نەتەوەی کورد لە سووریە

بە هۆی بوونی کردوە شۆڤێنیستییەکانی دەوڵەتی بەعسی سووریەو دابڕانێك کە بزاڤی کورد لەوە ئازار دەچێژێ، هەوڵی خەباتکارانی کوردی سووریە دژبە دوو دیاردەی ناوبراو بە تایبەت لە پێوەندی دەگەڵ رۆنانی لەسەر چەند دەستەیی نێوان خۆیاندا، لە جمان رانەوەستاوەن. بۆ نموونە: حیزبی کوردی سووریە، حیزبی دێموکراتی کاری سووریە، حیزبی چەپی کوردستان (کونفرانس)، حیزبی دێموکراتی کوردستانی سوریە (پارتی)، لە ساڵی 1990 یەکییان گرتو حیزبێکی نوێ بەناو حیزبی دێموکراتی یەکگرتووی کوردستانی سوورییەیان پێك هێنا. لە ساڵی 1992 رێبەرییەکی نوێ لە چەند رەوتی کوردی یانێ حیزبی دێموکراتی زەحمەتکێشانی کوردستانی سووریە، حیزبی یەکییەتی خەڵکی سووریەۆ حیزبی یەکگرتوویی کوردستانی سووریەیان پێك هات.

لە رەوتی یەکەمین کۆنگرەی هاوبەشی ئەم حیزبانە، یانێ کۆنگرەی یەکیەتی ئەوان، لە ئاوریلی ساڵی 1993 پێك

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێنـــا. حیزبـــی تـــازەدامەزراو "حیزبـــی دێمـــوکراتی یەکەی (واحـــد) کوردســـتانی ســـووریە" یەکیەتیـــی نـــاوزەد کـــرا. بە هـــۆی بـــوونی هەوڵەکـــانی دیـــکە بـــۆ پێکهێنـــانی ئیئـــتلاف یـــان بەرەیەکـــی هـــاوبەش لە گۆڕەپـــــانی سیاســــــیدا کە پێویســــــتییەکی حاشـــــاهەڵنەگرە، بەسەدان فەرسەخ دووە.

دوو حیزبـــی کۆمۆنیســـتی ســـووریەش تـــا ســـاڵی 1990 ســـاڵی دارِمـــــانی بلـــوکی سوسیالیســـتی، مەســـەلەیەکی ســـەبەخۆی بە نـــاوی "مەســـــەلەی نەتەوەیـــــی کـــــورد" نەدەناســـــیو ئەوانـــــی لە باشـــترین شـــێوەدا ســـەر بە ســـەرچاوەی کێشـــەی چینـــایەتی دەزانـــی. بەڵـــــێ، هەرچەنـــــد زۆریـــــنەی ئەنـــــدامەکانی بزاڤـــــی چەپو سوسیالیســـتی ســـووریە کوردەکـــان پێکیـــان دەهێنـــاو هەرچەنـــد ئەم بـــزاڤە لە بـــاری سیاســـییو بیـــرو بـــاوەڕەوە نزیـــكترین لایەنگـــرو پشـــــــتیوانی کـــــــورد دێـــــــتە ئەژمـــــــارو لە حەقـــــــیقەتدا خزمەتگـــوزارییەکی بەرفـــراوان بـــۆ کوردەکـــان کـــردوە. بەڵام لە قبـــوولکردنی کـــورد لە پێنـــاو بەفەرمـــی ناســـینی مـــافی چـــارەنووس، مەودایەکـــی درێژخـــایەنو تەنـــانەت دەتـــوانین بڵێـــین کە لە هێڵـــی فەرمـــی دەوڵەتـــی ســـووریە لەبەرامـــبەر مەســـەلەی کـــورد چۆتەدەر.

دۆزی کورد لە سووریە

خواستەکانی نەتەوەیی کورد لە سووریە بریتیین لە: ئازادی بەیان، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی کۆبوونەوە گرتن، ئازادی چالاکی حیزبو ئۆپۆزیسیۆنی کوردیو غەیرە کوردی، کۆتاییهێنان بە سیاسەتی تەعریب لە تەواوی شێوازەکانی خۆیدا، کەڵك وەرگرتن لە بڵاوکراوەکان، رادیۆو تەلەویزیۆنەکان بە زمانی کوردی، پەروەردەو فێرکردن بە کوردی، دانی خەسارەت بە قوربانییەکانی تەعریبو خاوەنداریێتی دەرکراو، گەڕانەوەی عەرەبەکانیدەیەی 60و 70دا نیشتەجێ کراو لە ناوچەکانی کورد بۆ ناوچە پێشووەکانی خۆیان، بەتاڵو هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیاراتەی کە لەساڵی 1967 بووە هۆی ئەستاندنەوەی شووناسو مافی هاووڵاتیبوون لە چەندسەد هەزار کورد، ئازادیی تەواویی زیندانیانی سیاسی، بە فەرمی ناسینی کورد وەك نەتەوەیی دووهەمی سووریە، بەرابەرییان دەگەڵ عەرەبەکانو دانانو گەرنتی نەدان لە یاسایی بنەڕەتی، لەم ساڵانەی دواییەدا درووشمەکانی سەرەوە بە خواستی مافی دیاری کردنی چارەنووس، خودموختاریو فیدرالیسم . هاتۆتە ئاراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org